عەبدولقادر محەمەد ئەمین

# وێنەی شیعری
# لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا



# وێنەی شیعری
# لە ڕێبازی رۆمانسیی کوردیدا

عەبدولقادر محەمەد ئەمین

سلێمانی / ٢٠٠٢

ناوی کتێب: وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا
ناوی نووسەر: عەبدولقادر محەمەد ئەمین
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژ: سەیران عەبدولڕەحمان
هەڵەچن: سازان قادر
تیراژ: ٣٥٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ٤٢٢ ی ٢٠٠٢

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٩٩)
www.sardam.org

**پێشکەشە بە:**

**گیانی**

**پاكو**

**بێگەردی**

**"دایكو باوكم"**

## پێشەکی

ئەگەرچی وێنەی شیعری هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەست بوون بەیەکەوە، زیاتر لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە خۆی دیوەتەوە، بەڵام وەك بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە پێی نایە قۆناغێکی بابەتی و پەیوەندیەکانی فراوان بوو، ئەویش بەهۆی ئەو پێوەرە ڕەخنەیی یانەی کەشتە نهێنییەکانی جیهانی ناوەوەی دەقیان ئەدۆزیەوە.

وێنەی شیعری لای زۆری ڕەخنەگران و کتێبە ڕەخنەییەکان بە چەند جۆرێك ناوی هاتووە، وەك وێنەی شیعری، وێنەی ئەدەبی، وێنەی هونەری، بەڵام ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە و زاراوەی "وێنەی شیعری"مان هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوەی کە شیعر "هونەرێکی زمانییەو وێنەکانی لە زمان پێکهاتوون، خودی زمانیش کۆمەڵێك پەیوەندییە، ئەگەر وەرگێڕایە سەرزمانێکی تر ئەوا پێوەندی پێکهاتەی وێنەکان تێك ئەچێ و نە وێنەو نە زمان نامێنێ"[1]، بەم پێیە هەموو وێنەکانیش هەم لە ڕووی زمانەوە هەم لە ڕووی جوانییەوە لەناو پێوەندیەکانی دەقدا پێکدێن و هەموو دەقێکیش "کردارێکی جوانی و زمانییە"[2]، هەڵبژاردنی بابەتەکەشمان لەسەر وێنەی "شیعری" لە قۆناغی ڕۆمانسیی کوردیدایە، تا بتوانین لەم ڕووەوە ڕەنگە بڵێین شتێکی نوێ بخەینە سەر ئەدەبی کوردی هاوچەرخ، ئەویش لەڕێگەی دەقەکانی شاعیرانی ڕۆمانسی، کە لە ساڵی ١٩٣٠ ەوە دەست

پێدەکات بە تایبەتی لەسەر دەستی گۆران و شاعیرانی تری وەك، "پیرەمێرد" "بێکەس" دیلان" "کامەران"" دڵدار" و زۆری تر، کە ئەم قۆناغە شانازیان پێوە ئەکات، لەلایەکی تریشەوە هەژاری کتێبخانەی کوردی و نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی کارێکی دژواربوو، بۆ تەواوکردنی باسەکەمان بەڵام بەهۆی هاوکاری کردنم بەسەرچاوەو تێبینییە وردەکانی مامۆستای بەڕێزم "دکتۆر زاهیر لەتیف کەریم" کە سەرپەرشتی نامەکەمی ئەکرد، توانیم ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنم و بیخەمە بەردەست خوێنەران.

هەروەها خولیا و ئارەزوو مەندانەی خۆم، بڕوای پێدام کە زیاتر لە میانەی وێنەی شیعرییەوە جۆرە مامەڵەیەکی هاوچەرخانە لەگەڵ دەق و وێنەکاندا بکەین و بچینە ناو نهێنییەکانی جیهانی ناوەوەی دەق، کە ئێستا وەك بابەتێکی پێویست لە بەردەم ڕەخنەو لێکۆڵینەوەکاندا بە کار دەهێنرێ، هەروەها لەبەردەم گۆڕانکاریەکی گەورەی بیرو ئەدەب و ڕۆشنبیری داین و پێویستە هەنگاوی بۆ بنرێ و لەگەڵ ڕەوتی لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا بڕۆین، هەر لەم ڕووەشەوە ڕوانیومانەتە دەق و بنیاتی دەق و پەیوەندیان بە وێنەو زمانی شیعرییەوە.

باسەکەشمان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشکردووە بەشی یەکەم، ڕوونکردنەوەی چەمکی وێنەی شیعرییە، کە وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە گرنگی پێدراوەو وەك پێوەرێکی ڕەخنەیی بەکارهاتووە بەشداری کردووە لە بنیاتی شیعردا، هەروەها بەپێی بۆچوونی زۆری ڕەخنەگرانیش وێنەی جۆربەجۆر لە ڕەوتی هۆنراوەکاندا بەدیدەکرێت بە تایبەتی وێنەکانی "بینین"، "بیستن"، "بۆن"، "چێژ"،

بەرکەوتن"، کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە ئەنجام ئەدرێن یان وێنەکانی زەینی وهێماو ئەفسانە و جوڵێنەر.

لە ڕووی ناساندنیشەوە چەندەها پێناسەو ڕای شاعیران و ڕەخنەگرانمان هێناوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕای خۆمان دەربڕیوە بەرامبەر پێناسەکردنی، لەلایەکی تریشەوە ئەو پەیوەندیانەمان ڕوونکردۆتەوە کە لە نێوان وێنەو ئەندێشە و سۆزو هێماو ئەفسانە و زمانی شیعریدا هەیە، نمونەی دەقەکانیشمان پیشان داوە کە چۆن شیعرییەت پێك ئەهێنن.

بەشی دووەم، قۆناغی ڕۆمانسی کوردییە و ئەو هۆکارانەمان دەست نیشان کردووە، کە بوونە هۆی گەشەسەندنی بەتایبەتی ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و شۆڕشەکانی کورد لە باشوورو باکوور، کە هۆکاری ڕاستەقینەی ڕۆمانسیی کوردی بوون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ دیاریکردنی قۆناغی ڕۆمانسیی کوردی بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٣٠ ەوە، کە گۆران وەك سەرقافڵەی شاعیرانی ڕۆمانتیکی بووە و ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو ڕێ ڕۆمانسی خۆشکەربووە بۆ شاعیرانی دەوری خۆی و دوای خۆی کە شاکاری ئەدەبی گەورەی لەسەر سروشت داڕشتووە، زۆری شاعیرانی تری ئەو ڕێبازەش وەك "پیرەمێرد"، "بێکەس"، دیلان"، "کامەران""" دڵدار"و زۆری تریش ئاماژەیان بۆچەندین خەسڵەتی ڕۆمانسی کردووە و گرنگ ترینیان "نیشتمان پەروەری" سروشت" "ئافرەت" "ئەندێشە" هەروەها لە ڕووی هونەریشەوە بنیاتی دەقەکانیان بە زۆری لەسەر بنیاتی تاك و گشتی و بازنەیی وبڕگەیی ئەفسانە پێکهێناوە.

بەشی سێیەم، بە ناسینێکی کورتی بنیاتی دەق دەست پێدەکات، بەتایبەتی ئەو دەقە داهێنەرانەی کە هەمیشە لە جوڵە و گۆڕاندان و لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەك واتای تازە ئەدات و خودی دەقیش سەرچاوەی

دەلالەتــە و شــێوەیەکی ئۆرگــانیزمی لــە خۆگرتــووەو فــۆرم ونــاوەڕۆك یەکەیەکی سەربەخۆیە، چونکە لە دەقی تازەدا "زمان" وەك تەورێك وایە و دەق بـە دەوریـدا دەسـوڕێتەوە و خـودی زمـانیش بـەرەو لوتکـە دەڕوات و هەوڵی دابڕینی سفەتی هەمیشەیی "دال" ئەدات، کە لـێرەدا دەق کاریگـەری خـۆی دەخاتـە سـەر سـیاق و کۆمـەڵێك پـەیوەندی پێك دێنـێ، لەسـەر ئـەم بنچینەیە چەندین پێناسەی ڕەخنەگرانی هاوچەرخمان هێناوەتەوە لەسـەر دق و زمان. بۆ ئـەم مەبەسـتەش پـەنامان بردۆتـە بـەر دەقـەکانی "گـۆران" "پـیرەمێرد" "بێکـەس" "دیـلان" "کامـەران" "هـەردی" "دڵدار" "شـێرکۆ بێکەس" "لەتیف هەڵمەت" لێکۆڵینەوەمان لەسەر دەقـەکان کـردووەو ڕۆڵی وێنەکانمان دەرخستوون.

بێگومـان ئـەوەی بەلامانـەوە گرنـگ بێـت ئاڕاستەکردنی ئـەم هەوڵەیــە بـەرەو خزمـەتکردنی ئەدەبەکـەمان، تـابتوانین لــە داهـاتوودا درێــژەی پــێ بدەین و زیاتر بیخەینە ژێر تیشکی زانستەوە و پەرە بەبابەتەکانی بدەین.

# بەشی یەکەم

# وێنەو زمانی شیعری

## وێنەی شیعری

چەمکی وێنـەی شـیعری ئاماژە بـۆ ((image)ی ئینگلـیزی دەکـات، کـە هاوبەشـە لەگـەڵ ڕەگـی ئەندێشـەدا (imagination) و پەیوەندییـەکی بـەتین هەیە لـە نێوانـدا، چونکـە ئەندێشـە وێنـە لـە شـیعردا بەرجەسـتە ئـەکات و لەمەودای مەعریفیدا هاوبەشن)[٣]

ئەم کارە وەك بزووتنەوەیەك لە سەرەتای ئـەم سـەدەیەوە هاتـە ئـاراوەو گرنگییەکی تەواوی پێدرا، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بنیاتی شـیعردا، (گرنگییەکەش بەدەست پێکردنی ڕێبازی ڕۆمانسی بە تایبەتی لـە کارەکـانی کۆلـیردج و دواتـر پێوەندییـەکانی ئەندێشـە بەوێنـەوە دەرکـەوت)[٤]. ئـەبێ ئـەوەش بزانـین کـە وێنـەی شیعری وەك ئـامرازێکی ڕەخنـەیی و پێوەرێکـی گرنگ بەکار دێت، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر ئەدات، بەناخی دەقـدا تێپـەڕ بکات و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات، بۆیە یەکێ لە ڕاکـانی دکتـۆر جـابر ئەحمەد عصفور ئەڵێ (وێنەی ئەدەبی کرۆکی هەمیشەیی شـیعرە)[٥]. بـەڵام ئەم چەمکە جیاوازی دەرئەخا لەگەڵ ڕای عیزەدین ئیسماعیل، کەپێ لەسەر کاریگەری دەروونی دائەگرێ سەبارەت بە داهێنەر، واتە بـیرو بۆچوونـەکانی نـاو دەق بـەدەربڕی ئـەزموونی شیعر دائـەنێ، کـە دەبنـە هـۆی دۆزینـەوەی پێوەندییە دەرەکیەکانی شاعیر و دیاردەکانی ژیان، هـەروەك دەڵێ (هـەژانی دەروون وا لە دەق ئەکا، کە وێنەیەکی یەکگرتوو و جۆرێکی تایبەت بێ، کە بتوانێ هاوسەنگی نێوان شاعیر و ژیان پێك بهێنێ).[٦]

هەروەك لە ڕووی ڕەخنەییەوە کە وەك پێوەرێك مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێ ئەوەتا کەمال ئەبودیب، پێمان ڕادەگەیەنێ کە شیکردنەوەی وێنە (میتۆدە دەروونییەکانی تێپەڕاندووە)[٧] و خۆی بەو میتۆدەوە نا بەستێتەوەو بەدوای شێوازێکی تردا گەڕاوە لە بنیاتی کاری هونەریدا، کە کاریگەری کردۆتە سەر وەرگرو خوێنەر، وەك دەڵێت (وێنەی شیعری جوان، ئەوەیە کە بنیاتی ئەزموونی شیعری بەسەر دوو ئاستی هاوسەنگ دابێت، ئاستی دەلالی واتایی و ئاستی دەروونی).[٨]

هەر لەبەر ئەمەشە (وێنەی شیعری شتێك نییە بۆ جوانی بێت)،[٩] سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعرەو دیاردەیەکی هونەری زمانیی شاعیرەو ڕاستی شیعر دەگەیەنێت، بیروبۆچوون و دیاردەو پێوەندییەکانی ژیان یەکد گیر ئەکات لە ڕێگای ڕاستەوخۆی وشەو ڕستەوە خۆیمان پێ دەناسێنێت. بەڵام (لەسەدەکانی شانزەو حەڤدە و هەژدەدا، وەك ئامرازێکی ڕازێنەر ئاماژەی بۆ کراوە)[١٠] نەك وەك ڕەگەزێکی بنیاتی دەق هەروەها، "ابن سینا"ش لەسەر پەیوەندی شیعرو وێنە، دەڵێت (شاعیر وەك وێنە گر وایە، هەر ئەوە نییە کە تەنها وێنەی شتی ماددی بگرێت، بەڵکو وێنەی شتی واتاییش دەگرێت، وەك تەمەڵی و تورەیی)[١١]، بەڵام ئەو وێنانەی کە لە جیهانی ویژدانەوە سەر هەڵئەدەن وێنەی ڕاستەقینەنین، بۆ بوون بە ڕاستەقینەیی خۆیان، پێویستە ئاوێتەی ڕاستییەکان ببن و ڕاستەقینەیی خۆیان دەربخەن، گرتنی وێنەکانیش لە ژیانی ڕۆژانەو ڕووداوەکانی سەردەم و شارستانییەت وەردەگیرێن و یان لە دیاردەکانی سروشتەوە سەرچاوە دەگرن.

سیمانتیکەکان ڕایان وایە کە وشە هەڵگری دەلالەتی واتاییەو چەکێکی تیژە (sharp weqpons) لە دەرهێنان و بەرجەستەکردنی وێنەدا، (کە لە

واتای وشەو دەربڕین دەكۆڵێتەوە)[١٢] بۆیــە ئــەوان ســەر بــە دوو قوتابخانــەی ڕەخنــەیی زمــان بــوون، وەك (شــیكاری -التحلیلیــە-و كــرداری -العملیــە- یەكــەمیان بــاوەڕی وابــوو كــە "واتــا" دەتوانــرێ شــیكار بكــرێ بــۆ ڕەگــەز و یەكەی بنچینەیی، دووەمیشیان، لەگەڵ ئەوەدا بوون كە وشە ئاماژەیەكە بۆ بــیرو هێمـاو مانـای گشـتی ڕسـتەو دەربڕیـن)[١٣]، لەبـەر ئـەوەی خـودی وشــە پێوەندی ئاڵۆزی هەیە بە سیاقی ڕستەو دەلالی واتاییەوە.

بەپێی لێكدانەوەو بۆچونی زۆر لە ڕەخنەگران گەلێ: وێنەی جۆربەجۆر لـە ڕەوتـی هۆنراوەكـاندا ڕەنگیـان داوەتـەوە، لــە هــەموو بوارەكــانی ژیــاندا وێنەی هەمە چەشنەی زەینی و هەستەوەر، بەتایبەتی (بیستن، بینین، بۆن، چێژ، بەركەوتن، هەست پێ دەكەین یان وێنـەی جوڵێنـەر هـەروەك سـۆزان لانجەر. لە وتارێكدا بەناوی وێنەی جوڵێنەرەوە (الصور المتحركە) دەڵێت:

(هەموو هونەرێك لە هونەرەكان، لە ڕەنگدانەوەی دەرەوەیدا، وێنەیـەك بەرجەستە ئەكات بە مەبەستی بابەتی كردنی ژیانی خـودی و ویژدانـی)[١٤]، وێنـەی جوڵێنــەر لــە نــاخی هونەرمــەندەوە ســەرچاوەی گرتــوەو شــتێكی ویژدانییە و ڕاستییەكانی ناوەوەی هونەرمەند بەرجەستە ئەكات و ئەبێتـە بابەتێكی ڕاستەقینە لە شێوەی "سەماو بالیـە"دا پێـك دێـت، شـاعیریش بـە ئەزموونی شیعریدا تێدەپەڕێ و تێكـەڵ بـە هەسـت و سـۆزی خـۆی ئـەبێ و وێنەیەكی جوڵێنەری بە وشە داڕێژراوی بە مانا پێشكەش دەكات.

كاتێ وێنەكان لە یادگارا پاشەكەوت دەكرێن و دەوروو كاریگەری شتەكان نەماو سڕایەوە، (لەكاتی گێڕانەوەیاندا ڕوو دەكەنە كردە ئەندێشە، جووڵەی تازە بــەخش و گۆڕانكـاری ئـەنجام ئـەدرێت لـە پرۆسـەی نووسـینی شـیعردا، شاعیر جارێكی تر بە مۆنتاژكراوی لە قـاڵبێكیتردا بۆمـان دەگێڕێتـەوەو لـە ئەنجامدا لە چوارچێوەی وێنەی جیاوازدا خۆیـان ئەدۆزنـەوە)[١٥] نووسـەران

(رینیه و یلیك واستن وارین، لەسەر ئـەو ڕایـەن کـە وێنـە لـە دەروونناسـیدا (بیرەوەری و گێڕانەوەی بەرهەمی ژیرییە، لە ئەزموونی سۆزو هەستەڕەوە وەسەرچاوەی گرتـوەو بینـین بەمـەرجی پێویسـت دانـانرێت)[١٦] بۆیـەش وشەکان مـەودای تایبـەتی و کاریگـەرییان لـە خۆگرتـوە، لـە هـەمان کـاتدا هێمـان و ئامـاژەن بـۆ ڕاستی و ئـەزموون دەگوێزنـەوە وێنـەی شـتەکانن و ئامـاژە بـەڕووداو ئـەدەن، بـۆ نمونـە، (وشـەی باخچـە، وێنـەی باخچەیـەکمان دێتەوە بە یاداو بیرەوەرییە، یان وشەی "ڕۆیشتن" نواندنی ڕووداوی شتێکە، لەبـەر ئـەوەی کـرداره و جوڵـەی تایبـەتی هەیـە)[١٧]، هـەروەها بـۆ بەرجەستەکردنی ڕووداویش ئامـاژە بـە یاسـای ئـەرخمیدس ئـەدەین لـە فیزیادا، کە یاساکە بـەم شێوەیە (هەر تـەنێك لـە شـلەیەکدا، نوقـم بکرێت ئەوا ئەو پاڵهێزەی شلەکە دەیخاتـە سـەر تەنەکـە بـۆ سـەرەوە، یەکسانە بـە کێشی ئەو شلەیەی تەنەکە لای ئەدات)[١٨] لێرەدا ئێمە خۆمان لەبەردەم دوو وێنەدا دەبینینەوە، (وێنەی تەنەکەو وێنەی ئاوەکە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەمانـە هـەموویان وێنـەن؟ بـەڵێ ئەمانـە هـەموویان وێنـەن بـەڵام وێنـەی شیعری نین، چونکە وێنەی شیعری ئـەبێ هـەڵچوون و سۆزی ڕاستەقینەی تیا بیت، پیش ئەوەی لە شیوەی وینەدا دەربکەوێ)[١٩]

لەگـەڵ ئەمەشـدا، لـە وشـەی وینـەدا، بـیر لـە وینـەکیش ئەکەینـەوە، کـە چۆن فلچە و بۆیـەو ڕەنـگ و هیـڵ بـەکاردینێ، ئـارەزوو و ئەندیشـەی خـۆی تیکەڵ بە وینەکە ئەکاو سۆز و هەستی ناخی دەروونی بەرجەستە ئـەکات و گیانیکی زیندووی هونەری بە تابلۆکـەی ئەبەخشـیت، (شـاعیریش وەك ئـەو هونەرمەندەوایە، وینە ئەکیشێ، بەڵام بە شیعر کە لە ریگەی زمـان و واژەی زمانییەوە وینەی لی پیك دینیت)[٢٠]

## وێنەی شیعری و پێناسەی:

وێنەی شیعری لەلایەن (سی، دی، لویس)ەوە وا پێناسە کراوە کە (وێنەیە بەوشە، وەسف و خوازەو لێکچوونیش وێنە پێك دەهێنن، یان دەتوانرێ، بە دەربڕینێك یان ڕستەیەکی ئارایشت کراو ئاراستە بکرێ)[٢١] یان (هەموو وێنەیەك دەتوانرێ تاڕادەیەکی باش، بە وشە ستایش بکرێت[٢٢]، لێرەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە وێنە زادەی وشەو واژەی زمانییە، بۆیە ئێمەش ڕای خۆمان دەرئەبڕین و وای بۆ ئەچین کە وێنە بریتییە لە (درکاندنی وشەکان) چ وشەی هەستی بن یان واتایی ڕووت لە هەردوو دۆخەکەدا، چەند ووێنەیەك پێك دێت لە ئەنجامی وشەو واژەکان، دەتوانین بڵێین (دەقەکە لە چەند وێنەیەك پێکدێت و هەرهەموویان لە خزمەتی یەك وێنەی سەرەکیدا دەبن[٢٣]، شاعیر لە بەکارهێنانی وشە هەستییەکاندا، مەبەستی ئەوە نییە کە تەنها نواندنێك بێت بەرامبەر شتە مادی و هەستییەکان بەڵکو زۆرجار مەبەستی شاعیر، دەلالەت و بیروبۆچوون و سۆزی تایبەتە، چونکە وشەکان خۆیان ئامرازی دەربڕین و هەڵگری وێنەکانن، هەروەك (ئەزرا باوەند) (Ezra Pound) دەڵێت وێنەی شیعری نواندنێکی وێنەییە، یان پێکهاتەیەکی ژیری و سۆزییە، لە ساتەوەختێکا ئاراستە دەکرێ، کە یەکخستنی بیروڕا جوداکانە)[٢٤] واتە وێنە بیرو سۆز یەك دەخات و، لە شێوەی وشەو دەربڕیندا کرداری گواستنەوە

ئەنجام ئەدات، (بەم پێیە یەکگرتنی بیرو سۆز بە وێنەوە شتێکی جیاواز نییەو ڕاستییەکی ڕەخنەیی نەگۆڕە)[٢٥].

هەروەها وێنەی شیعری هۆکارێکی هونەری گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعر، بۆیە (محەمەد غنێمی هلال) دڵنیایە لەوەی کە (وێنە خۆی بەشێکە لە ئەزموون و پێویستە هاوکات بێ لەگەڵ بەشەکانی تری وێنەدا، تا ئەزموونەکە بە شێوەیەکی هونەری ڕاستەقینە بگوێزرێنەوە)[٢٦] دیارە مەبەستمان لە ئەزموون (وێنەیەکی تەواوی دەروونی و گەردوونییە، کە شاعیر دەی نەخشێنێ، کاتێ بیر لە کارێك ئەکاتەوە، بیرکردنەوەیەکە لە قوڵایی سۆزو هەستەوەیە)[٢٧]. لێرەدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ، پێویستە وێنەکان لە ئەزموونەکەدا بەگشتی یەکگرتوو و بەیەکداچووبن، لەگەڵ هەست و بیری ئەزموونەکەدا یەك بگرنەوەو جیهانبینی دەقەکە ئاشکرا بێ (ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەم بەیەکدا چوونە، پێویستە وێنە شیعرییەکە ئاڵۆز نەکات)[٢٨]

زۆری وێنە لە چەقی دەقی شیعری ڕۆمانسیدا شەقڵێکی تایبەتە و لە شیعری کۆنی جیائەکاتەوە، بۆیە دیلان تۆماس ئەڵێ: (ئەو دەقەی کە دەینووسم، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە وێنە هەیە، لەبەر ئەوەی چەقی دەق، زۆری وێنەیە)[٢٩] واتە زۆری وێنە ڕۆڵێکی گەورە ئەبینێ لە دەوڵەمەندکردنی دەق لەڕووی وێنەوە، چونکە ژیان لە چەقی دەقەوە سەرچاوە دەگرێ و وێنە لەدایك ئەبێ، یان لە ئەنجامی ئەو بەربەرەکانییەی کە وێنەکانی تیایە وێنەی سەرەکی پێك دێت. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، کە وێنەکان پەیوەست ئەبن و لە ئەنجامی جوڵەیەکی دیالێکتیکیدا شێوەی ڕاستی خۆیان وەردەگرن و خودی دەقیش ئەنجام ئەدرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بزانین کە ئەم وێنانە ئەوە ناگەیەنن کە دووربن لە "هەست و سۆز"ەوە، چونکە "سۆز" بە خاڵێکی گرنگی وێنەی شیعری دائەنرێ، بۆیە (کۆلێردج) بەهای تایبەتی داوەتێ و ئەڵێ (وێنەیە بەوشەو پڕە لە هەست و سۆز)[٣٠].

ئەندێشەش یەکێکە لەو ڕەگەزە ڕەخنەییە سەرەکیانە، کە هۆیەکە بۆ داهێنانی وێنەی شیعری و گرنگی خۆی هەیە لە دەقە ئەدەبییە ڕۆمانسیەکاندا، چونکە تێگەیشتنی چەمکی ئەندێشە داهێنەرانەیە و ئەو هەست و بیرانە بە وێنەیەکی جوان لە دەقدا بەرهەم دێنێ لێرەوە (سی- دی لویس) ئەڵێ، ئەندێشە ئەو (پانتاییە، کەسازکەرو پەخشکەری وێنەی شیعرییە)[٣١] ئەوانەی لەم کارە ئەدەبییەدا، بە تایبەتی ڕێبازی ڕۆمانسی جێگە پێی خۆیان نەخشاندوەو سروشتیان کردبوە هۆیەك بۆ ڕەنگدانەوەی ئەندێشەو سۆزو ڕاکانیان، وێنەی شیعرییان سازدەکردوو پەخشیان دەکرد لە دەقە ئەدەبییەکاندا، (هەردوو شاعیر و ڕەخنەگر کۆلێردج و وردز ورث)[٣٢] بوون، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەو وێنانەی کە ئەندێشە داهێنەرێتی ناچنە دۆخێکی ڕاستەقینەوە)[٣٣]

ئەو پەیوەندییەی لە سیاقی وشەکاندا هەیە بۆیە بەیەکداچوون و دەرهێنانی وێنە بە گشتی لە ڕووی زمانی شیعرییەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرە، چونکە (شیعر هونەرێکی زمانییەو وێنەکانی لە زمان پێك دێن، زمانیش کۆمەڵێك پەیوەندییە)[٣٤].

کاریگەری زمان لەسەر وێنەکان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی شیعری دەقەکە، لە دۆخێکدا دەقی شیعری بەبێ وێنەمایەوەو توانای پێکهاتنی وێنەی لە دەستدابوو، ئەوا دەرئەکەوێ بە (نەمانی زمانی شیعری، دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەخشان)[٣٥]، هەروەك چۆن لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)ی

(رینیەولیك ئۆستن وارین)دا هـاتووە، کـە (پـڕی وێنـە، زمـانی شـیعرییە)[٣٦] ئەمە ئەو بەڵگەیـەمان ئـەداتێ، کـەزمانی شـیعری چـەند کاریگـەری جوانـی هەیە لەسەر وێنەو دەق.

## وێنەی شیعری و هێما:

هێمـا دەربڕینێکـی نـا ڕاسـتەوخۆیەو لـە قوڵایـی دەروونـەوە سـەرچاوە دەگرێ، پەیوەندی نێوان خودو شتەکانە، توانایەکی لە ڕادە بـەدەری هەیـەو دەچێتە جیـهانی بـێ ئاگاییـەوە، دەق دەگەیێنێتـە حاڵـەتێکی دەروونـی، واتـە بەبێ زمانی شیعری ئەم دۆخە بەرجەستە ناکرێ، چونکە زمانی ئاسـایی لـە شتەهەستییەکان تێپەڕناکات، ئەوەتا (بۆدلێر)ی شـاعیر بـەم شـێوەیە پێمـان دەناسێنێ و ئەڵێ هێما (تا ڕادەیەك خوازەیەو چارەسەری مـرۆڤ دەکـات بـۆ تێگەیشـتنی ئایدیـا، بـەهۆی نیشـانەو نواندنـەوە)[٣٧] یـاخود، (ئەرنسـت کاسیریر، Ernst Cassirer، "هێما" بە بناغەی گشتی سیستەمی زانست ناسـی دائەنێت)[٣٨] و جیـاوازی نێـوان هێمـاو نیشانەش دەرئـەخاو ئـەڵێ: (نیشـانە بەشـێکە لـە جیـهانی بـوون، بـەڵام هێمـا بەشـێکە لـە جیـهانی واتـای مرۆڤایەتی)[٣٩]. بۆیە زۆر لـە شـاعیران هێمـا بـۆ بنیـاتی دەقـە شـیعرییەکان بەکاردەهێنن، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خودی خۆی و ئەو شتەی ئامـاژەی بۆ دەکا، لەبەر ئەوەی دەقی شیعری لەسـەر دوو ئاسـتی تێگەیشـتنە (ئاسـتی هێمـاو ئاسـتی ڕووکـەش)[٤٠]. لـە ئـەنجامی بەیـەکداچوون و تێکـەڵ بوونـی هـەردوو ئاسـت، کـار دەکاتـە سـەر دەوڵەمـەندی بوونـی وێنـەو مەودایـەکی تایبـەتی ئـەداتێ، لەبـەر ئـەوەی هێمـا (سروشـتی دوولایەنـەی تیایـە،

ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەگرێتە خۆی)[٤١] لەلایەکی تریشەوە ڕەخنەگران بە ئاسانی نەیان توانیوە (هێمای تایبەت لە هێماکانی تر)[٤٢] جیابکەنەوە، چونکە شاعیران تێکڕا پەیوەستن لەگەڵ هەردوو حاڵەتەکەدا، بە تایبەتی لەلایەن شاعیرانی تازەوە، هەروەك (سی. دی. لویس) ئەڵێ (شێوەیەکی میکانیکی لەخۆگرتۆتەوەو نواندنێکە بۆ بیرێکی تایبەت تاڕادەیەك پەردەپۆشە).[٤٣]

دیارە پێوەندی بە هێزی وێنەو دەسەڵاتی باڵای واتای سروشی، شتێکی ئاشکرایەو هۆکارێکە بۆ دروست بوونی زێدەڕۆیی لەواتای وێنەکاندا، کە زمانی ئاسایی توانای ئەنجامدانی نییەو زۆر جاریش وێنەیەکی هەستیمان ئەداتێ لە هێمایەکی نا هەستی و سۆزمان ئەوروژێنێ، یان بە هیچ جۆرێك چوارچێوەی وێنەی هەستی بەدی ناکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەقەکە بە وشەی هەستی داڕێژراوە، بەم پێیە هەندێك جار (زێدەڕۆیی لە واتادا، ئەبێتە هۆی دروست بوونی لێڵی و تەمومژی)[٤٤] کە ڕێبازێکی تازەیە شاعیران پەنای بۆ ئەبەن.

## وێنەی شیعری و ئەفسانە:

لە تیۆری ئەدەبدا، (رینیە ویلیك واوستین وارین) دەربارەی ئەفسانە لە کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆدا ئەڵێ (سەرگوزشتەیە لەسەر زمانی ئاژەڵان، پێچەوانەی ژیرییە)،[٤٥] زاراوەی ئەفسانە لە کۆنداو لە ڕوانگەی زانستەوە بە واتایەکی ئەندێشەیی بوە، گۆڕانی بەسەردا هاتوە چەمکێکی تری وەرگرتوە، وەك (چەمکی شیعر، جۆرێکە لە ڕاستی یان هاوکێشەی ڕاستییە و بە پێچەوانەی زانست و مێژووەوە نییەو بەڵکو یارمەتیدەریشە)[٤٦] هەروەك چۆن ئەمڕۆش وەك (بوارێك لە بوارەکانی واتا)[٤٧] تەماشا دەکرێ.

هەموو ئەو بابەتە ئەفسانەییانە بوونە ئەدەبێکی تایبەت و وێنەکانیش دەرئەنجامی دەروونی مرۆڤ و سروشتن، چونکە بەیەکدا چوونی خودو هۆکارەکانی ژینگە دەوڵەمەندی ئەو جیهانە ئەفسانەییە پیشان ئەدات، هەر لە چیرۆکەوە تا هەڵوێستە دەروونی و خودو ڕەوشت و نەریتەکانی کۆمەڵگا، وێنەکانیش بە هەمان شێوە ئاگایی کۆمەڵایەتی و ڕاستییەکی گەردوونیان هەڵگرتوە، وەك (ئەو گەلەی ئاگای لە کەلەپووری خۆی نەبێ، لایەنێکی گەورەی مێژوویی خۆی ون دەکات)[٤٨]

دەبینین شاعیران (پیرەمێرد، بێکەس، گۆران، هەردی، دیلان، زۆری تریش سوودیان لە ئەفسانەکان وەرگرتوە و وەك بنیاتێك هەیکەلی دەقەکانیان پێ دارشتوون و گیانێکی زیندوویان بە بەر وێنەکاندا کردوە،

هەروەها هێمای ئەهریمـەنی شـەڕو ئاهورەمـەزدای چاکـە لـە زۆر دەقـەکاندا پیشـان دراوە، بۆیـە (ئەفسانەو سـەر گوزشـتە کوردییـەکان، ڕەنگدانـەوەی ململانێی هێزی چاکەو شەڕ بوون، لە نێوان ئەهریمـەن و ئاهورەمـەزدا، کـە دوو خوای ئایینی زەردەشتی کۆنی کورد بوون)(٤٩) کەواتە، ئەفسانە گەنجینە و سـامانێکی دەوڵەمـەندبوە، بـۆ پێکهێنانی بنیـاتی وێنـەکانیان، شـاعیرانی هاوچـەرخ گرنگییـەکی تـەواویان پێـداوە، بۆیـە زۆربـەیان زیـاتر پەیوەسـت بوون بە هێماو ئەفسانە ڕۆژهەڵاتییـەکان، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمێکی شارستانی کۆن و لە هەمان کاتیشدا شاعیران خۆیان بە خـاوەنی زانیـوەو بـۆ مەبەسـتی هاوتـاکردنی کێشـەکانیان بـەکاریان هێنـاون، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێ، کە میللەتی کورد لە زۆر کۆنەوە تووشـی چەوسانەوەو نـەبوونی سەقامگیری بوە، بەم پێیە شاعیران زیاتر هێما ئەفسانەییەکان بە مەبەسـتی پێکانی کێشـە ڕامیاریـەکان بـوە، ئـەبێ ئـەوەش بزانـین شـان بـە شـانی بـەکارهێنانی ئەفسـانە ڕۆژهەڵاتیـەکان پـەنایان بردۆتـە بـەر ئەفسـانە گریکیەکان، بەڵام زیاتر لێرەدا بۆ مەبەستی جوانـی بـوە، هـەروەك (گۆران) ئەفسانەی (زەووس، ڤینۆس)ی بەکارهێناوەو ئەڵێ:

ئەی گەورە کچی زەووس!
خوشکە جوانەکەی ڤینۆس!
تۆ ئەپەرستم،
بۆیە وا مەستم!
بۆ ئایینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس!
با جار بدرێ
تۆیت و بەس.(٥٠)

لەگەڵ ئەنجامی نا ئارامی و چەوسانەوەی میللەتدا، پەنایان بردۆتە بەر هێمای وەك (ئەهریمەنی گەلای باخ سیسکەر)[٥١]

و (ئەژدەهاك: زیندانت قەلا قەلایە)[٥٢]

یان

بەدخواهی یەو نیهادی پیس

باری لێکدانەوەی ئیبلیس.[٥٣]

لە چوارچێوەی شەڕو ڤینەدا، ڕێکیان خستوون و بنیاتی شیعریان لێ پێکهێناون، (پیرەمێرد)یش بە هەمان مەبەست ئەفسانەی ڕۆژهەلاتی و هێمای ڕەسەنی بەکارهێناوەو ئەڵێ:

مەتبوع و تابع، وەك مەم و زین بوون چ فائدە

گورگ و چەقەڵ لە چقلی (بەکر مەرگەور) بە تەر[٥٤]

(مەم و زین) هێمایە بۆ خۆشەویستی لە ناو کوردەواریدا، بەرامبەر هێمای (چقلی بەکرمەوگەوەڕ)، کە نیشانەی دژایەتی کردنە، هەروەها (بەلقیس)ی هێناوە بۆ جوانی و لەگەڵ زریان و سروشتی سلێمانیدا هاودەمی کردوەو ئەڵێ:

بەیانی بوو، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە

سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوی پۆشیوە...[٥٥]

(دیلان)یش لە شیعری (سێبەری پەرت)دا کە شیعرێکی موستەزادەو تواناو دەسەلاتی هونەری خۆی تێدا ڕەخساندوەو سوودی لە هێمای ئەفسانەیی (دێو، درنج) وەرگرتوە، کە زیاتر لەسەر گوزشتەو داستانە ئەندێشەییەکانی کۆندا پیشان دراون و ئەڵێ:

کێ باوەش ئەکا بە سێ درنجا؟ بە شەوی باران

کێ دەرئەکێشێ ستەم لە بێخا؟ وەك دێوی جاران...[٥٦]

یان ئەوەتا هێمای ئەفسانەی (قولەی قاف)ی بەکارهێناوەو هێمایە بۆ شوێنی دوور و ئەڵێ:

ئەگینا شراب لە مامۆستای ماف
بۆ ئەگەیشتە ئەوپەڕ قولەی قاف.(٥٧)

هەروەها سوودی لە هێمای بەزمی کەی قوبادی وەرگرتوە. لە بنیاتی شیعرەکەیدا، کە زیاتر نیشانەی خۆشی و شادییەو ئەڵێ:

پێویستمان بە ئازادی یە
بە ئاسوودەیی و شادی یە
بە بەزمی کەی قوبادی یە
گەل ئائەم مرادی یە(٥٨)

## وێنەو زمانی شیعری:

چەمکی وێنەی شیعری لە ڕەخنەی تازەی ئەدەبیدا بایەخێکی گرنگی پێ ئەدرێ و ڕۆڵێکی بنچینەیی ئەبینێ لە نێوان پێوەندیەکانی دەقدا، لە هەمان کاتیشدا پێویستییەکی شیعرییەو پێوەندیەکی بەتینی هەیە لەگەڵ زمانی شیعریدا، چونکە زمانی شیعری پێکهاتەی وێنەیەو ئەگەرچی ئەو پێوەندیانەش لە شیعردا مەرج نییە پێوەندیەکی مەنتقی بێت، بەڵکو زیاتر (لەسەر بنچینەی درك پێکردنی جوانی و هەست دروست ئەبێ)(٥٩)

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر بنیاتی دەق و ڕوونی ئەکەینەوە، کە (دەق بنیاتێکی یەکگرتوو و بەیەکداچوە، بۆیە ناتوانین ئەو بنیاتە جیابکەینەوە بۆ بەشەکانی)(٦٠)، یان بەگشتی دەق (کۆمەڵێك پێوەندییە کە خودی دەقیان دروست کردوە)(٦١)، یان(ئەوەتا"ئەوتۆڕەسادەیە") پێوەندیەکان دروستیان کردوە لە نێوان ڕەگەزە پێکهاتوەکانی دەق لە شێوەیەکی یەکگرتووی تەواو)(٦٢)دا ئەمانە هەموویان یەکگرتوویی دەق ڕائەگەیەنن و ئەوە ڕەت ئەکەنەوە، کە جیاکردنەوەی بەشەکانی دەق شێواندنی وێنەکانە لەگەڵ وێنەی سەرەکیدا.

هەموو سیاقێکی بنیاتی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ جۆری زمانی وێنە، چونکە (وێنە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە زمانی شیعریدا)(٦٣)، بۆیە زۆرینەی ئەو دەقانەی کە وێنەیان تیانییە دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی زمانی شیعری، کە لەم حاڵەتەدا شیعرەکە شێوەی پەخشان و ڕاپۆرت لەخۆ ئەگرێت، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا ئـەبێ بزانـین کـە (هـێزو جوانـی شـێواز هاوکێشـەی وێنـەی شیعرییە لە دەقەکەدا)[٦٤]، واتە جۆری مامەڵەکردنی زمـانی شـیعری لەگـەڵ وێنەکەدا لە گۆڕاندایەو لە بنەڕەتدا وەك بنچینەیەك وایە بـۆ وێنەکـەو بـە درێژایی ئەزموونەکە پێڕەوی ئەکرێ، بۆیە "مالارمیـە" دەگەڕێتـەوە بـەلای وێنــەداو ئــەڵێ (ئەگــەر وێنــە نەبوایــە قســەکانمان لــە شــیعردا ئەبوونــە قسەی سادە)[٦٥]

لەگـەڵ ئەوەشـدا "شـێواز" پەیوەسـتە بـە بابـەتی ئەزموونـەوە، کـە لـە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەوە "بیر" دەرئەبڕێ لە چـەند شـێوازێکی تایبـەتیدا، چونکە (نووسەر لە ڕێگەی وێنەو وشەکانەوە، درك بـە بـیر ئـەکات و ئەبنـە بنچینـەی تـیژی شـێوازەکە)[٦٦] و بــەهۆی وێنەکانــەوە کێشـەکانی ژیــان لــە ئەزموونــە ئەدەبیەکــەدا دەرئــەبڕێ و، دۆخێکــی داهێــنراوی هونــەری پــێ ئــەبڕێ، دیــارە هــەموو (ســیماو دیاردەکــانی شــێواز بــە گشــتی لـــە ڕووی هونەری و ڕەخنەییەوە لە بەهاو نرخی وێنەی شیعری جیا نابێتەوە)[٦٧].

هــەروەها زۆرینــەی ڕەخنــەگرانی عــەرەبی و ئــەوروپی لــە میانــەی شیکردنەوەکانیاندا پێ لەسەر ئـەوە دائـەگرن، کـە ڕەگـەزەکانی بنیـاتی دەق بەیەکگرتوویی ڕائەگەیەنن و کتێبە ڕەخنەییەکانیش بۆ ناونان و پێکهاتەی بنیاتی ڕەگەزەکانی دەق بەشێوەی جۆربەجۆر دەست نیشانی ئاسـتی بنیـاتی دەقیان کردوەو (بەشێکیان بـە چـوار پێکهاتـە ڕایـان گـەیاندوە)،[٦٨] وەك "١-زمـان ٢-ئـاواز ٣-وێنـە ٤-بابـەت" بۆیـە زمـان بـە تایبـەتی زمـانی شـیعری لـە نێوان ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعردا، جـۆرە سیمایەکی تایبـەتی ئەداتـە دەق و شـیعریەت پێـك دێنـێ و بەسـەر زمـانی ئاسـاییدا تێئەپـەڕێت و پەیوەسـت بوونی خۆی لە ڕێگەی وێنەوە ئەڕەخسێنێ و لە ئەنجامی گونجـاندنی وشـەو

دەنگ، ئاواز ئەداتە دەق. ئاستی دەلالی بنیاتی دەقییش، کە ئاستی واتایە لە ئەنجامی پیوەندیەکانی دەق و ڕەگەزە بەیەکداچوەکانەوە دیت.

لە ئەنجامی هەردوو بنیاتی ناوەوەو دەرەوەی دەق ئەرکی شیعریەت پیك دیت، کە "چومسکی" دەربارەی چەمکی شیعریەت ئەلێ (شیعریەت یەکیکە لەو ئەرکانەی لە نیوان پیوەندیەکانی ناوەوەو دەرەوەدایە، ئەم ئەرکەش لە نیوان هەردوو بنیاتەکەدا دیتە دی و روون ئەبیتەوە، کە پیوەندیەکی بەرامبەری ڕەهاو ریژەیی هەبیت، کاتێ کە بەرامبەریەکی ڕەها لە دەقدا پیك دیت ئەوا شیعریەت نامینێ، بەڵام ئەگەر جیاوازی کەوتە نیوان هەردوو بنیاتەکەوە ئەوا لەم حالەتەدا شیعریەت پیك دیت لە دەقەکەدا، یان بە پیچەوانەشەوە کاریگەری شیعریەت نامینێ).[٦٩]

هەروەها سیاقی تایبەتی بنیاتی شیعری دەگەریتەوە بۆ زمانی شیعری لە بنیاتە ئەدەبییەکەدا، ئەویش بەهۆی (پیوەندییە ڕەگەزە هاوبەشەکانی ئامادەبوون "الحاضر"و بزربوون "الغیاب" کە هەموو ئەو پیوەندییانە لە رووی ئەرك و سروشتەوە جیاوازن)[٧٠] چونکە ئەزموونی ئەدەبی بەلای خوینەرەو لەسەر هەردوو ئاستی ئەو پیوەندیانەوە پیکدیت، کە (پیوەندی "بزربوون"، پیوەندی واتاو هیمایە لە نیوان دال و مەدلولدا ئەرەخسیت، پیوەندی "ئامادەبوون"یش پیوەندی وینە و پیکهاتەیە)،[٧١] کە ئەبنە هۆکاریك بۆ دروستبوونی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" لە پیوەری زماندا، کە زمان لە دۆخی ئاساییەوە دەگۆریتە سەر زمانی شیعری لە بنیاتەکەداو سیمایەکی گەورە ئەبەخشیتە دەق و تەوەریکی گرنگی شیکردنەوەی دەلالی زمانی شیعریشە.

لیرەدا بە پیویستی ئەزانین کەئاماژەیەکی کورت بە بنیاتی دەربری شیعر بدەین، کە لەروی فۆرمەوە بەسەر دوو شیوەی (دەنگی و دەلالیدا

بەش ئەبێت و ئاستی دەلالییش فۆرم و بنیاتی هەیە)(٧٢) ئەم شێوازە زیاتر لە کاتی وەرگێڕانی شیعر بۆ پەخشان بەڕوونی دەرئەکەوێ و ئەبینرێ کە نەبوونی زمانی شیعری چ ڕۆڵێکی کاریگەر ئەکاتە سەر بنیاتی شیعر و فۆرم و شێوەو دەرهێنانی ئەگۆڕێ نەك ناوەڕۆك، کە واتە زمانی شیعری (پێکهاتەی وشەیەو لە چەند نەسەقێکی تایبەتی دروست ئەبێ).(٧٣)

زمانی شیعری تا ئێستا وەك چەمکێکی فراوان و ڕەخنەیی بە پێی قوتابخانە ئەدەبییەکان گەشەی سەندوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دراوەو زۆرینەی شاعیر و ڕەخنەگرانیش هەوڵی پێناسەی کورتیان بۆ داوەو تاڕادەیەك لەم بۆچوونانەی خوارەوە نزیك بوونەوە:

١-زمان لە شیعردا (کە شیعریەت پێك دێنێ، ئەو کاتەیە کە پێوەندی تازە درووست ئەکات لە نێوان مرۆڤ و شتەکاندا، یان لە نێوان خودی شتەکاندا، یان لە نێوان وشەیەك بۆ وشەیەکیتر، یان لە کاتێکدایە کە وێنەیەکی نوێی ژیان و مرۆڤ پێشکەش ئەکات.(٧٤)

٢-لە زمانی شعیریدا "ئاستەکانی دەنگی و دەلالی پەیوەستن"، یاخود "زمانی شیعری زمانێکی تایبەت و تاك لایەنە، نهێنیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرێك و شاعیرێکیتر یان لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکیتر" یان "زمانی شیعری ئەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی زمانی ئاسایی تا بە چەند نەسەقێك و سۆزێکی ترەوە بینای بکاتەوە".(٧٥)

بۆیە زمانی شیعری، شاعیر ئەکاتە خاوەنی تەکنیکی تازەو بە بنیاتێکی نوێوە وێنەکانی هەلگری وێنەی ژیان و مرۆڤ و شتەکان ئەبێت و نهێنیەکانی دەق ئاشکرا ئەکاو واقیعی کۆمەڵگە دواکەوتوەکەش ئەگۆڕێ،

شیعریەت زیاتر لە بنیاتی گشتی ئەو دەقانەدا پێکدێت، کە لە ئەنجامی یەکگرتوویی ڕەگەزەکانەوە هاتوەو جۆرە جوڵەیەکی تایبەتی هەیە لە

سیاقی پێوەندیەکانی ناوەوەو دەرەوەی دەقدا، بۆیە سیفەتی شیعریەت (تایبەتمەندیەکی پێوەندارەو بەرجەستە بوونیشی لەو دەقانەدایە، کە بریتییە لە تۆڕێك پێوەندی و لە ناو ڕەگەزە سەرەکیەکاندا سەرهەڵئەدا[٧٦] و هەمیشە پێوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لە نێوان هەردوو ئاستی "ئامادەبوون"و "بزربوون" داو گرنگی هەر یەکێکیشیان لەوی تریان کەمتر نییە کە ئەبێتە هۆی ڕەخساندنی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" لە دەقەکەدا، هەروەها جیاوازی زیاتریش لەنێوان هەردوو بنیاتەکەدا شیعریەت پێك دێنێ و خودی شتەکان لە جیهانێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی تری بێ سنوور.

بۆیە لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکەماندا دەربارەی وێنەو زمانی شیعری لە چەند لایەنێکی دەقی شیعری دەکۆڵینەوەو ئاراستەکانی ئەو دوو چەمکەو شیعریەت ڕوون ئەکەینەوە.

لێرەدا دەقی شیعری "ڕەوتێکی جوان"ی "گۆران" ئەکەینە نموونەو لە ڕووی زمانی شیعری و وێنەوە ڕوونی ئەکەینەوە کە تا چ ڕادەیەك ئەم دەقە ڕۆمانسییە لە وەسفێکی سادەی ڕەگەزەکانی سروشت نزیك بۆتەوەو وێنەکانی لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە بە ئاکام گەیاندوە.

شاعیر لەسەر ئاستی "ئامادەبوون"ی دەق بە دوو جۆر توانیویەتی شیعریەت ببەخشێتە دەق، هەروەك چۆن "ئەدۆنیس" ئاماژەی بەوە کردووە، کە شیعریەت لە نێوان خودی شتەکاندا پێك دێت، بۆیە شاعیر ئەو ڕێچکەیەی گرتووەو ئەو پێوەندییە تازەیەی دۆزیوەتەوە کە لە نێوان "قاز" "مراوی" "کەو" "کەروێشك" "پۆر"دا هەیە و دەقەکەی پێ سازداوەو شیعریەتی پێ بەخشیوە، یاخود پەنای بردۆتە بەر بنیاتی ئاوازی دەق و لە ڕێگەی وشەکانی "خۆرەتاوا"، گۆی ئاوا، سیحراوی، مرواری، نزار، بە هەزار"

"گورج گوڵ" "تەختی دۆڵ" "تێرو قەڵەو" "مانگە شەو" "بە قونە قون" "خرپن" "دەشتا" "وەشتا" بەهۆی ئەو بنیاتەوە پەی بە شیعریەت بردوەو ئەو زمانە شیعرییەی بەکارهێناوە، کە بە چەند نەسەقێکی تایبەتی و لە چوارچێوەیەکی داهێنەرانەدا وێنەکانی تیا ڕەخساندوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بە نەمانی بنیاتی ئاواز،دەقەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ پەخشان و لە شیعر دەکەوێت.

لەژێر زەردی خۆرەتاوا،
بەناو چیمەنی گوێ ئاوا،
چەن بە ئاهەنگ، چەن سیحراوی،؟
ئەگەڕێ قاز، یان مراوی؛
یاکەو، لەسەر بەفری نزار،
بۆ لوتکەی هەزار بەهەزار،
چەن ئێسك سووك، چەن گورج و گۆڵ،
ئەکشێ: پشت لە تۆی تەختی دۆڵ.
یا کەروێشکی تێرو قەڵەو،
لەبەر تریفەی مانگەشەو
چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون:
سرك و گورج و سپی، خرپن؛
یا پۆڕ لە گوێ ڕێگای دەشتا،
لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا،..(٧٧)

هەروەها دەقی (وامەزانە)ی (کامەران) کە یەکێکە لەو دەقە سەرکەوتوانە، کە لە ئەنجامی ڕەگەز بەیەکدا چوونەکانەوە هاتوەو تۆڕێکە لە پێوەندیەکان، کە بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لە نێوان هەردوو ئاستی

"بزربــوون" و "ئامــادەبوون"دا سروشــتی شــیعریەتی داوە بــە دەق، کــە گۆڕانێك دروست دەکات و ئەبێتـە هـۆی دیـاردەی "وەرچـەرخان و لادان" و (شـیعریەتی) پـێ ڕاگـەیاندوە لـە ڕێگـەی وێنـە لێکچوەکــانی وەك "مــن ڕووبارم" تۆش سـەرچاوەی "مـن گوللـە" "تـۆ تفـەنگی" "مـن بـاڵندە تـۆش هێلانــە" هــەردوو ئاسـتی نـاوەوەو دەرەوە بوونــە سـەرچاوەی دەلالــەت و شیعریەت لە وێنەکانی وەك:

وامەزانە
من ڕووبارم تۆش سەرچاوەی
کەڕۆیشتم... نایەمەوە
یان من گوللەو
تۆ تفەنگی نات بینمەوە
بەڵێ گیانە
من باڵندەو تۆش هێلانە
هەرچەندە بڕۆم
هەر ناچارم
بێ قەرارم هەر دێمەوە.. هەر دێمەوە(٧٨)

یەکێکی تر لەو دیاردانەی، کە ئەبنە هۆی کرداری شیعریەت و دەقەکە بـەرەو گۆڕان ئـەبات و ئاسـتی "بزربـوون"یـش چـەمکی "وەرچـەرخان و لادان" پێـك دێنێـت و گرنگیەکەشی دەگەڕێتـەوە بـۆ زمـانی داهێنــان، کـە زمـانی شـیعرە بـە هـۆی دەربڕینـی ئـەو بنیاتــەوە دوو جیـهانی جیــاواز بەیەکـەوە دەبەسـتێت لەسـەر نـاوەوەو دەرەوەی دەق، لـە ژێـر تیشـکی ئـەو چەمکەدا خوازەو خواسـتن و درکـە و هێمـا پێـك دێـت و ئەبنـە سـەرچاوەی شیعریەت.

بێکەس و دیلان لە ڕێگەی "خوازەو خواستن"ەوە وێنەکانی وەك "دڵێ" "ئەی داری مەمك" "ئەی فریشتە"ی پێکهێناوەو دیاردەی "ورەچەرخان لادان" بۆتە سەرچاوەی شیعریەت و بەفراوان بوونی "دال و مەدلول"یش هەمان کاریگەری لە دایکبوونی شیعریەتە، وێنەکان ئەوە دەرئەخەن، کە بنیاتی زمان لە دۆخی سروشتی ئاساییدا نییە و لەسەر ئاستی "بزربوون"ی دەق پێکهاتووە، چونکە "ئەوەی لە مێشکدا ئاماژەی بۆ ئەکرێ مانایەکی تری وشەکەیە، کە لە ڕستەکەدا هاتووە)[٧٩]

بۆیە واتای وێنەکان لەسەر ئاستی "ئامادەبوون"ی دەق جیاوازە لەگەڵ ئەو چەمکەی کە لەسەر ئاستی "بزربوون"دا هەیە، چونکە بە بنیاتێکی زمانی تازەو بە سیمای شیعریەتەوە لە بنیاتەکەدا دەرکەوتوون، کە لە ئەنجامی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان"ەوە سەریان هەڵداوەو بێکەس دەڵێت:

"دڵێ" لە خۆیا دائم تەڕ نەبێ
سەرخۆشی بادەی ڕووی دولبەر نەبێ
مەفتونی باڵای قەد عەرعەر نەبێ
بە جامی شەراب کەیل و مەست نەبێ
ساخوا ئەم "دڵ"ە دایم پەستی کەی...

هەروەها "دیلان"یش ئەڵێ
ئەی داری مەمك پڕ لە شیلەی ئاڵ،
کۆرپەی مێشکی برسی شیری تاڵ
گرۆزە بۆ یەك مژ و یەك دڵۆپ
بۆ شەوی خەیاڵ بێ گلۆپ...

دیاردەی وەرچەرخان و لادان" مەودای پێکهێنانی زۆرەو هەر ئەوە نییە کە لـە ڕێگـەی خـوازە و خواسـتن و لێکچوونـەوە شـیعریەت ئـەنجام بدرێـت، بـەڵکو لــە میانــەی ڕەگــەز و پێوەندیــەکانی نــاو دەقــەوە ســەر هەڵئــەداو نـاوەڕۆکێکی تـازە بەرجەسـتە ئـەکات، یـان ئـەوەتا شـاعیر لـە دەقـی شـیعری "لەگـەڵ تۆمـە"دا کـە لـە ئـەنجامی ڕەگـەزەکانی نـاو دەق و بـە بنیـاتێکی زمانییـەوە دیـاردەی "وەرچــەرخان و لادان" پێـك دێـت و شـیعرییەت بـە ئەنجام ئەگات وەك:

لەگەڵ تۆمە... فریشتەی دوور لە شارم

لە هاوینا شنەی باخی بە هارم

چلەو گەرما.. سەهۆڵی ناوچەوانم

لە زستانا گڕی ئەشکەوتەکانم

مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ ئەفسانەدا، هۆیەکی ترە بۆ ڕوودانی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" لە دەقدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێتە هـۆی سـەرچاوەی دەلالـەت لـە نێـوان پێوەندیـەکانی دەقدا، چونکـە ڕوودانــی ئــەو دیاردەیــە، مەودایـەکی تـازەو دەلالـەتی تـازەتر ئەداتــە ئەفسـانەکەو جیـای ئەکاتــەوە لەواتای فەرهەنگی و شیعریەت ئەداتە دەق و وێنەکە، بۆ ئەم مەبەستە"

شێرکۆ بێکەس "وێنـەی ئەفسانەی" مـەم "لـەناو شـاکارەکەی" مـەم"ی بۆتان دا کردۆتە سەرچاوەی دەلالەت و واتـای تـازەی پێـداوەو دەقەکـەی پـێ دەست پێکردووە

لەناو شارەکەی "مەم"ی بۆتاندا

لە چەقی ڕێگەی دێرپێکدا... ڕۆژێ

وشەیەك کەوت و

نەیتوانی بفڕێ!

وەختێ مقەستێ هات و دەنووکی
مەلی حەرفێکی دەنگ خۆشی ئەوی
لە بندا قرتان!
ڕۆژهات و ڕۆیی و هەر هەمان مقەست
لە ژێر هەرەسی کتێبیدا تاسا
چونکە دەمێ بوو
لافاوی ڕقی
هەزاران وشەی
بە خۆی هەڵئەستان![٨٠]

دەقەکە بە گشتی لە دوو تەوەری بەیەکدا چوودا پێکهاتووە، کە تـەوەری یەکـەم بـە دێـڕی "لـەناو شـارەکەی "مـەم"ی بۆتـاندا"و لـە چـەقی ڕێگـەی دێڕێکدا... ڕۆژێ "دەست پێ ئەکات و کۆتا دێت بە "مەلی حـەرفێکی دەنـگ خۆشی ئەوی" "لە بندا قرتان" هەروەها تەوەری دووەمیش بە "ڕۆژ هات و ڕۆیـی و هـەر هـەمان مەقەسـت" دەسـت پـێ ئــەکات و بــە "لافـاوی ڕقــی" "هەزاران وشەی" "لە خۆی هەڵئەستان" کۆتایی دێت.

هـەردوو تـەوەری دەقەکـە لەسـەر دوو بنچینـەی زمـانی سروشــتی و نــا سروشتی دروست بوون، لە تەوەری یەکەمدا، وشە سروشتییەکانی وەك "لـە چەقی ڕێگـەی دێڕێکـدا... ڕۆژێ" و بنیاتـە ناسروشـتی یەکەشـی "وشـەیەك کـەوت" "نـەیتوانی بفـڕێ" "وەختــێ مقەســتێ هــات و دەنووکــی" "مــەلی حـەرفێکی دەنـگ خۆشـی ئـەوی" لـە بنـدا قرتـان" حاڵـەتی گۆڕانـی وێنــەی زەمەنێکی دژوارە و خاڵێکی دەست نیشان کراوی بەرجەستە کردووە لەسـەر ئاستی دەق، کە ئاستی وێنەو پێکهاتەیە ئەو دەسەڵاتەی داوە بە "مقەسـت" کە دەنوکی مەلی "حەرفێکی دەنگ خۆشی ئەوی" "لەبندا قرتان" ئـەنجامی

ناوەڕۆکێکی تازەیەو ماوەی بەینی "دال و مەدلول" فراوانەو کاریگەری دیاردەی "وەرچەرخان و لادان"یش بەهۆی زمانی شیعرییەوە شیعریەتی بە دەق بەخشیوە، هەروەها ئاستی "بزربوون"ی دەقیش دەلالەت لە بەردەوامی دۆخێکی سیاسی نالەبارو کوشتنی ڕۆشنبیرییە، سەرەتای دەق، سەرەتای دۆخی داچۆڕانی وشەیە لە زەمەنێکی دژوار و بەردەوامدایە و تەوەری دووەمیشی لە ئامێز گرتووە، کە بەسەر سیاقە سروشتی و ناسروشتییەکانی زماندا بەش بووە، وەك "ڕۆژهات و ڕۆیی و هەر هەمان مقەست" "لەژێر هەرەسی کتێبدا تاسا" "چونکە دەمی بوو" "لافاوی ڕق"ی "هەزاران وشەی" "لە خۆی هەڵئەستان" وێنەکان ئاماژە بەو ئاکامە ئەکەن کە ڕۆڵی، مقەست" تەواو بێت وەك لە وێنەی "لە ژێر هەرەسی کتێبدا تاسا" کۆتایی هاتنی ئەو دۆخە دژوارەیە، کە لەسەرەتاوە ئاماژەی پێکردووە، هەروەها سیاقە سروشتی و ناسروشتیەکانی وشەکان بوونە هۆی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" کە بە هۆی زمانی دەقەوە گوڕوتینێکی تایبەتی داوە بە وێنەکان و شیعریەتی پێ بەخشیوون، لەلایەکی تریشەوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە یەك بنیاتدا، دوو تەوەری بە یەکدا چووی ڕێکخستووەو بە دوو وێنەی "نێگەتیف و پۆزەتیف"دا تێپەڕیوە، واتە بە دوو ئاراستەی دژوار دا ڕۆیشتووە و جوانترین جۆر شیعریەتی داوە بە دەق لە ئەنجامی دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" هەروەها لەسەر ئاستی "بزربوون"یش کە ئاستی واتاو هێمایە دەلالەت لە سەرکەوتنی وێنەی "پۆزەتیف"ەو کۆتایی هێنانە بەو زەمەنە دژوارە...

-یەکێك لەو پێکهاتانەی شیعر کە شیعریەت پێك دێنێ ئەوەیە کە دۆخی سروشتی وشەی فەرهەنگی لە توانایدا نییە شیعریەت بداتە وشە، چونکە (لە دۆخە فەرهەنگیەکەیدا شیعریەت پێك نایەت)[٨١]

بۆیــە پێویســتی بــەوە هەیــە کــە ئــەو دۆخـــە تێپــەڕێنێت، ئــەویش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی داهێنەرانەی تاکەکەس یـان شـاعیر، کـە بنیـاتی تـازەو گونجــاو ئەداتــە وشــەو دەلالــەتی نوێــی پــێ دەبەخشــێت لــە ڕێگــەی پێوەندیەکانەوە، واتە لـە نێـوان هـەدروو دۆخـی فەرهـەنگی و داهێنەرانـەی وشەدا ئەرکی "وەرچەرخان و لادان" پێك دێت و شیعریەت و دەلالەتی نوێ ئەداتە بنیاتی دەربڕینی زمان و وێنە شیعرییەکان، هەروەك "کامــەران" لـە دەقی "تاڵی گڕ" کە وشەکان لە دۆخێکی داهێنەرانـەی شـاعیردان و بنیـاتی دەربڕینی هەردوو وشەی "تاڵ- گڕ" سروشـتی واتـای دەلالـەتی فەرهـەنگیان گۆڕیوەو بنیاتێکی زمانی نوێی داوەتە دەق و وێنە.

تاڵی گڕ
پشکۆم کرد بە ئاڵقەو بازن
گەردانەی ئاگر بۆ گەردن
لەتاڵی گڕ چنیم لەچك
بۆ قژ و ڕوومەتی ناسك
کراسی نەرمی ئاگر چن
ئاو دامان ئاڵا لە بەژن
نێڵە نێڵی ئاگری خۆش
بوو بە نەغمەیەکی بە جۆش
دووکەڵ لەسەر سنگ و مەمك
بوو بە دەسماڵێکی تەنك... (٨٢)

-لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوە نییە کـە دەلالـەتی دەسنیشـان کـراوو بنیـاتی دەربڕینـی وشـەی فەرهـەنگی بگۆڕێــت، بــەڵکو خــۆی پەیوەســت ئــەکا بــە بنیـاتێکی گشـتی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییــەوەو دەیکاتــە ســیاقێکی تــازەو

جیاواز لە بنیاتــە کۆنەکـە و ئـەزموونێك بـەرپا دەکـات، کـە دەلالـەتی نوێـی مرۆڤایەتی و بوونێکی تایبـەتی ئەداتـە دەق، لـە نێـوان هـەردوو بنیاتەکـەدا (کۆن و تازە) دیاردەی "وەرچەرخان و لادان" ئەرکی شیعریەت ئەداتـە دەق و وێنەکان بە بنیاتێکی تازەی زمانییەوە، کە لە میانـەی پێوەندیـەکانی نـاو دەقەوە سەرهەڵئەدات و لە ڕێگەی ئەو بنیاتە تازەوە ئـەزموونێکی شـیعریی لـە خـۆ ئـەگرێ و دەقیـش بـەرەو گـۆڕان ئـەبات هـەروەك چـۆن "شـێرکۆ بێکـەس" لـە دەقـی شـیعری "لـە وڵاتـی منـدا" پەیوەسـتە بـە بنیـاتێکی ڕۆشـنبیری لــە ڕێگــەی دەقــەوە ئــەو بنیاتــە کۆنــەی "ڕۆژنامــەو ڕادیــۆ و تەلەفزیۆن" ڕەت ئەکاتەوەو ئەڵێ.

لە وڵاتی مندا
ڕۆژنامە بەلاڵی لە دایك ئەبێ.
لە وڵاتی مندا
ڕادیۆ بە کەڕیی لە دایك ئەبێ.
لە وڵاتی مندا
تەلە فزیۆن بە کوێریی لە دایك ئەبێ.
ئەوانەی لە وڵاتی منیشدا بیانەوێ
ئەوانە بە ساغی لەدایك بن.
لاڵیان ئەکەن و ئەیان کوژن
کەڕیان ئەکەن و ئەیان کوژن
کوێریان ئەکەن و ئەیان کوژن
لە وڵاتی مندا...[٨٣]

-کێش وەك پێکهاتەیەکی شیعری و هۆیەکی بنەڕەتی بە درێژایی مێژوو لەگـەڵ شـیعردا هــاتووەو ڕۆڵێکــی گرنگــی بینیــوە لەبەرجەســتەبوونی

ئەزموونی شیعر لە دەقدا، کە وەك مەرجێك و ڕەگەزێکی شیعر تا ئێستاش گرنگی خۆی هەیە لە دەقدا بۆ شیعرییەت بوون، ئەویش بەهۆی بەیەکدا چوون و سەرهەڵدانی ڕەگەزە جیاجیاکانی دەقەوەیە، کە جۆرێك لە نەسەقی جیاوازو دەست نیشان کراو لەسەر ئاستی دەق پێك دێت و مەرجەکانی زمانی شیعری پێك دێت، واتە کێش لە دەقدا بنەڕەتێکی مێژووییەوە جۆرە مامەڵەیەکی تایبەت لە زماندا دەرەخسێنێ و بنیاتی ئاوازو دەنگیش دەخولقێنێ و ئەبێتە ڕوویەکی جوانی بنیاتەکە بۆیە کێش (لە دروست بوونیا بنچینەی بەرجەستەبوونی دیاردەی وەرچەرخان و لادان)ە[٨٤] لە پێکهاتنی شیعریەتدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بزانین کە کیش لە دەقی شیعردا پەیوەندیەکی هاوکیشەیی هەیە لەگەڵ پیکهاتەکانی تری شیعردا بە تایبەتی "وینەی شیعری" کە ئەو پیوەندییە شیوەیەکی ریژەیی وەردەگریت لە نیوان هەردوو پیکهاتەی وینەی شیعری و کیش دا[٨٥]، کە هاوکیشەیەکی ریژەیی و هیلیکی تایبەت دەکیشیت لە نیوانیاندا بۆیە بە چربوونەوەی کیش لە دەقدا کاردانەوەیەکە بۆ کەمی وینە، بە پیچەوانەشەوە لە دەقی شیعری تازەدا زۆری وینە لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەویت.

-بەلگەشمان ئەوەیە ئەگەر سەرنجی دەقی شیعری "بەستەی دلدار"ی گۆران بدەین بە تایبەتی کۆپلەی سییەمی دەق کەسێ جۆر کیشی برگەیی تیا بەکارهیناوەو زەمینەی فراوان بوونی وینەکان و بنەرەتی ئاوازیکی داهینەرانەو مەودای جوانی داوە بە بنیاتی دەربرینەکە و شیعریەتیش بەرجەستەبووە لە ریگەی بنیاتیکی زمانی و نەسەقیکی گونجاو لە وشەو واژە کە کاریکە بۆ رەخساندنی زمانی شیعری.

لەلایــەکی تریشــەوە سەربەســتی بــەکارهێنانی کێشــە برگەییــە جۆربــەجۆرەکانی دەق زەمینەیــەکی شــیعری فــراوان بــۆ وێنــەکان خــۆش کردووەو بۆتە هۆی زۆری وێنە لە دەقەکەدا وەك لەم کۆپلەی خوارەوەدا ئەیبینین.

| | |
|---|---|
| نەباریکی، نە گۆشتن | ٧برگەیی |
| نەکچۆلەی، نە شاژن | ٧برگەیی |
| نەزۆر چاورەشی | ٥ برگەیی |
| نە ئێجگار گەشی | ٥ برگەیی |
| بەڵام بەنیگای شیرین | ٧برگەیی |
| نەمدی کەس | ٣ برگەیی |
| وەك تۆ بەتین | ٤ برگەیی |
| تۆیت و بەس | ٣ برگەیی |
| لیت بێ بزەی مانگەشەوی | ٨ برگەیی |
| بەژنی ڕێك ورەوتی کەوی | ٨ برگەیی |

-بـەم پێیـە هەڵوێسـت و ئاسـۆی شۆڕشـگێری هۆکـاریکی گرنگـی توانـاو بەهرەی گـەورە ئەدەنـە شـیعرو ئەبێتـە بواریکـی بـە سـوودو بەرجەسـتەیی شـیعرییەتی تیـا دیتـە دی، لـە ڕێگای زمـانی شیعریشـەوە ئـەرکی دیـاردەی "وەرچـەرخان و لادان" دەگرێتـە ئەسـتۆو لـە زمـانی ئاسـایی کۆمـەڵ جیـا ئەبێتــەوەو دەچێتــە ســەر ســیاقیکی زمــانی تــازەو گونجــاو هــەروەك "مۆکارۆفسکی" و زۆری تریش لەو باوەڕەدان کە (شیعریەت لە کاتێکدا پێك دێت کە زمان دژ بە خودی دۆخی ئاسایی خۆی بێت)[٨٦] چونکە لەم

شیوازەدا جەوهەرو تیزی شیعریەت لە هەلویست و ئاسۆی شۆرشگیرییەوە سەر هەلئەدات و بنیاتی زمانیش بەرەو تازەیی دەبات و ئەبیتە توانایەکی بەهرەدار لە دەربرینە زمانیەکەداو دەقیش لەسەر هەمان هەلویست ئاراستە ئەکریَ و زمانی شیعریش بەرەو لوتکەی داهینان ئەروات و ئەرکی شیعریەت بە ئاکام ئەگات. لەم رووەوە دەروانینە دەقی شیعری "سەدەی بیستەم"ی بیکەس و "وتاری کوردیك"ی بەختیار زیوەر کە تا چ رادەیەك ئاسۆی شۆرشگیری لە بنیاتی وینەکاندا شیعریەتی پیکهیناوەو خودی شاعیریش ئەو دۆخە کۆمەلأیەتی و رامیارییە رەت دەکاتەوەو بە بیرو بۆچوونی خۆی بۆ گۆران دەگەریت. هەروەك چۆن بیکەس ئەلیت:

نەما ئەو رۆژەی تۆ بە ئاسانی
بتوانی بژی بە شادمانی
تۆ کە قەومیکی بیَ پشتیوانی
گەر تیَ نەکۆشی زۆر پەریشانی
هۆش و بیرت بیَ...... پیاوی ژیرت بیَ
لە جیی سەربەستی بۆچ زنجیرت بیَ؟"(٨٧)

بەختیار زیوەریش ئەلیت:
بام رۆژانەکەم یەك دوو قران بیَ
خواردنم وەکو سەپان و شوان بیَ
با لەشم رووت و دەردم گران بیَ
بەلأم تا مردن
بی درۆ کردن
عەشقی نیشتیمان

دەرناکەم لە گیان
ئەمەوێ عالەم تێ بگەیەنم
بیری نوێ لە ناو کوردا ئەچینم
رەگی بیری کۆن لەبن دەردینم
دەسیسەی نا پاك
ئەنیمە ناو خاك
ئاواتی دوشمن
دەردینم لەبن[٨٨]

# بەشی دووەم
# رۆمانسیی کوردی

## رۆمانسیی کوردی و هۆکارەکانی

ئەوەی روون ئاشکرایە کە ریبازی رۆمانسی لە ئەوروپادا لە (کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم دا لەسێ ولاتی پیشکەوتووی جیهاندا، بەتایبەتی ئینگلستان، کە بە شۆرشی پیشەسازی و فەرەنسا بە شۆرشی رامیاری ١٧٨٩ و ئەلەمانیا بە شۆرشی رۆشنبیری ناسرابوون)[١]، دوایش لە سەدەی نۆزدەم دا هەموو ئەوروپای گرتەوە، لە رووی میژوویی و پەیدابوونیشەوە (دەگەریتەوە بۆ وشەی (Roman)ی کۆنی فەرەنسی)[٢]، کە لە سەدەکانی ناوەندا بۆ ئەو چیرۆکە ترسناکانە بە کارهینراوە کە بەشیعرو پەخشان نووسراونەتەوە.

رۆمانسی لە رووی ناساندنەوە ئەرکیکی گرانەو ناتوانرێ لە چەند دیریکدا پیناسە بکرێ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستی رۆمانسی لە ئەدەبدا بریتی بووە لە (گرنگی دان بە تاکەکەس (الفرد) لە رووی ئاوات و ئومیدو بۆچوونی خۆیەوە بەرامبەر "شتەکان" بە سەرنج و تیروانینی خود (ذاتي)ەوە)[٣]، هەروەها شاعیری رۆمانسیی ئەلەمانی "نوڤالیس" لەسەر ئەو جۆرە شیعرە ئەلێ (شیعر دەربری هەست و جیهانی دەروونە، هەرچەندە سروشتی خودی و تاکەکەسی پیوەدیاربێ زیاتر نزیکترە لە ناوەرۆکی شیعر)[٤] یان بە واتایەکی تر (رۆمانسیی گەرانەوەیە بۆ سروشت) یان (رۆمانسی فریشتەی ئەندیشەیە و دژی ژیرییەو هەست کردنە بەراستی) یان -ئاواتیکی لیڵ و تەمومژاویە)[٥].

بێگومان لای کوردیش بەهۆی ژێرخانی ئابووری و گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگەوە بەهۆی (تویژیکی رۆشنبیری بۆرژوازی کورد لە بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد برەویان پیدا)[٦]، کە لە ساڵانی بیستەکاندا هاتەدی، واتە بزووتنەوەی رۆشنبیری و نەتەوایەتی رەنگدانەوەیەکی گشتی کردە سەر ئەدەبی کوردی و شیعر بە تایبەتی، بڵاوبوونەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، بەلگەیەکە بۆ بزوتنەوەی رۆشنبیری، کە هۆشی ئەو میللەتە بکاتەوە و هەستی نەتەوایەتی بجولینێ، لەلایەکی تریشەوە گەشە بە ئەدەب و شعیری کوردی بدات، لە کاتیکدا کە ریبازی ئەدەبی جیاواز زادە و دەربری قۆناغەکەیەتی بۆیە رۆژنامە و گۆڤارەکان بە تایبەتی "رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ قاهیرە، مدحت بدرخان"، (رۆژی کورد ٩١١ تا ٩١٣ ئەستەمبوڵ کۆمەلەی هیڤی)، (گۆڤاری بانگی کورد ١٩١٣ بغداد، جمال بابان)، (رۆژنامەی کوردستان ١٩١٧- ١٩١٨ ئەستەمبوڵ، محمد مهری)، هەروەها لە کاتی فەرمانرەوایی مەلیك مەحمود لە سلیمانی (بانگی کوردستان ١٩٢٢، ئومیدی ئیستقلال ١٩٢٣)، (ژیانەوە لە سلیمانی ١٩٢٤/٨/١٨-١٩٢٦/١/١٤) دوایی بوو بە رۆژنامەی ژیان تا ١٩٣٤، (٤٠٦) ژمارەی لیدەرچوو، (زاری کرمانجی ١٩٢٦ تا ١٩٣٢"[٧]، ئەمانە بە گشتی هۆکاریکی گرنگ بوون بۆ بەرجەستەکردنی هەلویستی رۆشنبیری و کاریگەریان بۆ سەر ئەدەب.

بە هەمان شیوە رەوتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و کۆمەلە رامیاریەکانی کوردی وەك "جمعیەی تعالی و ترقی ١٩٠٨، خویبون، هیڤی لە ساڵی ١٩١٠)[٨]، و بزوتنەوە نەتەوایەتییەکەی "مەلیك مەحمود"ی ساڵی ١٩١٩ و (شۆرشەکەی "شیخ سعیدی پیران"ی ساڵی ١٩٢٥ لە دیاربکر)[٩] واتە هەردوو هەلویستی رۆشنبیری و رامیاری بوونەزادەی دەربرینی شیعر و ئەدەب لە قۆناغیکی تایبەتی کۆمەڵایەتی دا، لە هەمان کاتیشدا کوردستانی باشوور لە

زۆر رووەوە سـوودی وەرگرتـووە لـە کوردسـتانی بـاکوور، کـە (کۆمەلـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عـیراق، ئـەو رۆژگـارە، کـەلکی زۆریـان لـە تاقیکردنـەوەکانی کۆمـەڵ و ریکخـراوە سیاسـیەکانی کوردسـتانی تورکیا وەرگرت)[١٠].

## ساڵانی ١٩٣٠ و قۆناغی رۆمانسیی

هـەروەك ئاماژەمـان بـۆ کـرد، کـە هـەردوو هەلویسـتی رۆشـنبیریو نەتەوایـەتی لـەباکوورو باشـوور تـا سـاڵانی ١٩٣٠ هۆکـاریك بـوون بـۆ گەشـەپیدانو پەرەسـەندنی ریبـازی رۆمانسـی بـەڵام لەسـاڵانی ١٩٣٠وە قۆنـاغیکی تـازەتری بـەخۆوە بینیـوە ئاراسـتەیەکی تـازەتری وەرگـرتو بەئاشـکرا لـەرەوتی هۆنراوەکاندا دەبیـنرا، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە دەرچوونـی ژمارەیەکی تر لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بەتایبەتی رۆژنامەی ژیانەوە کەگۆرا بەژیانو بەردەوام بوو تا سالی ١٩٣٤، "زاری کرمـانجی ١٩٢٦-١٩٣٢"، (گۆڤـاری هـاوار لەشام ١٩٣٢/٥/١٥ مـیر جـەلادەت بـەدرخان)، (گۆڤـاری رونـاکی ١٩٣٦- هەولیر- پاریزەر، شیت مستەفا،" [١١]، بـەڵام کاریگـەرترین گۆر انکاری ئـەو سەردەمە زیاتر لەسەر لاپەرەکانی (دیاری لاوان١٩٣٤، یادگاری لاوان١٩٣٣) [١٢]، خۆی دەبینیەوە، کە کۆمـەلیك لەرۆشـنبیرانو خویندکارانی زانکۆی بغـداد دەریـان ئـەکرد، شـاعیرانو نووسـەران دەقـەکانیان تیـا بـڵاو دەکـردەوەو سروشتی رۆمانسیان کردبووە بەردی بناغەی دەقەکانیان، "گـۆران" هـەر لـە سەرەتاوەو لە (هاوینی ١٩٣٠دا رشید نجیب چـەند هەلبەسـتیکی لەغەزەتـەی

ژیان دا بۆ بلاوکردۆتەوە، وە تخلصی "گۆران"یش هەر ئەو حەلە "رشید نجیب" بۆی داناوە)[١٣].

شاعیرانو رۆشنبیرانی کورد ئەو کاتە زیاتر لەریگەی دەقەکانەوە هەولیانداوە، بیروبۆچوونی کوردایەتیو ریگەی رزگاری بکەنە ئامانجیانو هۆیەك بوون بۆ گەشەکردنی ریبازی رۆمانسی هەروەك چۆن (نیوان هەردوو جەنگ، ماوەی داهاتنی، شیعری تازەی کوردی، واتە رۆمانسی بوو، لەم سەردەمەدا ئەم ریرەوە، لەرووخسارو ناوەرۆکدا خۆی گرتو تافیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی تیپەراند)[١٤].

دیارە لیرەشدا "گۆران"و هاوریکانی پیویستیان بەسەرچاوەی فیکریو تەکنیکی زیاتر هەبوو، ئەمەش لەریگەی ئەدەبیاتی تورکی هاوچەرخەوە، کەوەك قوتابخانەکانی ئودەبای فەجری ئاتیو "ثروت"ی فنون، کەئەمانیش کاریگەری رۆمانسی ئەدەبی فەرەنسیان لەسەر بووە، دوای ئەمەش "گۆران" بەشیوەیەکی کارامەیی چیژی لەم ریبازە بینیو پەلی کیشا بۆ ئەدەبیکی گەورەترو بلندتر، ئەویش ئەدەبی ئینگلیزی بوو، بەتایبەتی خویندنەوەی شیعرەکانی "کیتس"و "ئۆسکار وایلد"و "شیلی"و "بایرون"و "وردز ورث"و "کولیردج".

تافیکردنەوە شیعریەکانی "گۆران" لەسەرەتاوە لەخودی خۆیدا دروست بووەو فۆرمی رۆمانسی بەئاشکرا بەشیعرەکانییەوە دیارەو پەنای بردۆتە بەر سروشتو ئافرەتو جوانی، ئەسپی ئەندیشەی تیا تاوداوەو سۆزو هەستی خودی لەوینەکاندا رەنگیان داوەتەوە بەتایبەتی لەبەهەشتو یادگارو فرمیسكو هونەردا.

سروشت لای شاعیرانی رۆمانسی جیگای سەرنجی ئەندیشەیان بووەو کردبوویانە پیگەی خۆیانو هەنگاویان بۆ دەناو عاشقی دیمەنەکانی ئەبوون، "گۆران"یش هەروەك هەموو شاعیریکی رۆمانسی لەگەشتی هەوراماندا ئەلێ (مایەی ئینطباعاتی تاقە گەشتیك نییە، بەلکو هەستو بینینی چەند گەشتیکی کاتو وەرزی جیاجیای پیشوو لەبیرەوەریما پەنگیان خواردەوە)[١٥]، واتە گەشتی هەورامان ئاسوودەیی بەدڵو دەروونی "گۆران" داوەو هەردوو گەشتەکەی "هەورامانو قەرەداغ" بەبنیاتی زمانیکی شیعری وینە شیعرییەکانی رەخساندووەو فەرهەنگیکی لەوشەی کوردی پەتی لەبن نەهاتووی پیکهیناوە، بەزمانی سادەی خەلك وینەی جۆراوجۆری دارشتووە، هەروەك چۆن شاعیری رۆمانسی ئینگلیزی "Words Worth" ئەلێ (پیویستە لەسەر شاعیر، کەرووداوو هەلویستەکان لەژیانی سادەوە هەلبژیرن، بەو زمانەوە پەیوەست بێ کە لەلایەن خەلکەوە بەکار دەهینرێ)[١٦]، ئەوەی جیگای سەرنجە ئەوەیە کاتیك، کە بەشیك لەنووسەرو لیکۆلەرەوەکان باس لەهەردوو گەشتەکە ئەکەن، کە گوایە، "گۆران" نەچۆتە دیوی ناوەوەی ناخی ئادەمیزادی کوردیو ئازارو ئەشکەنجەی کۆمەلی تیابەدی نەکردووە، بەلام بەپیچەوانەوە، "گۆران" دوو شاکاری گەورەی لەدیمەنەکانی سروشت دروست کردووەو دەلالەتی بەهیزی تیایەو گەنجینەیەکی لە "زمان"و "نەریتو یاسا"و "سۆسیولوژیا"و "کەلەپوور"و "میژوو"و "ئەفسانەو هیما"و "سایکۆلۆژی چینو تویژەکانی کورد"، "رووی گەشی رۆشنبیری"، ئەمانە هەموو کەرەسەو پیکهاتەی وینەکانیەتی.

"گۆران" کەسەرقافلەی ریبازی رۆمانسی ئەدەبی کوردییەو (یەکیکە لە دامەزرینەرانی قوتابخانەی رۆمانسیەت لەئەدەبی کوردیدا) [١٧]و تەنها بۆچوونە رۆمانسیەکان لەخودی خۆیو جوانی سروشتو ئافرەت دا

بەکارنەهیناوە، بەلکو دۆخە رامیاریەکەی ئەو سەردەمەی سالآنی سی‌یەکانی سەرچاوەیەکی تری بۆچوونەکانی گۆران بوون، ئەوەبوو (لەرۆژی٦ی ئەیلولی١٩٣٠دا لەپیکدانیکی توندوتیژ لەنیوان خۆپیشاندەران‌و دەزگای میری‌دا روویدا)[١٨] لەشاری سلیمانی بەهۆی مۆرکردنی پەیمانی (حوزەیرانی سالی ١٩٣٠ەوە، کە بەپەیمانی عیراق‌و بەریتانیا ناسراوە)[١٩] و لەئەنجامدا بووە هۆی شەهید بوونی پالەوانی ئەم خۆپیشاندانە، کە "عەولەسیس"و هاوریکانی بوو، هەروەها چاکترین نمونەی شیعریشی بۆ ئەم مەبەستە دانابێ، بەتایبەتی "هەلۆبەگ"و "قالە مرد"و "محمود جودەت"ە، کە هەستی نەتەوایەتی پالی پیوەناوەو کردوونی بەنیشانەو هیما بۆ میللەتەکەی هەروەك شاعیرانی ئەدەبی ئەوروپی (بایرون‌و شیلی‌و جورج صاند کە نمونەی پالەوانی لیهاتوو بوون لەپیناو رزگاریی مرۆڤایەتیدا خەباتیان کردووە)[٢٠] هەروەك هەمووومان ئەزانین، کەشاعیرانی رۆمانسی بەگشتی (پیوەندیەکی بەتینیان هەبووە لەگەلٚ دیمەنەکانی سروشت‌و گۆرانی وتن بەسەر باو باپیران‌و ئەفسانە میژووییەکان، کەلەم ریگەیەوە روویەکی نیشتمانیان ئەدایە شیعرەکانیان)[٢١].

بەم جۆرە سروشت‌و ئەرك‌و مەودای جوانی ئەدەبی رۆمانسی شیوەیەکی جیاوازی بەرچاوی وەرگرت بەرامبەر ئەدەبی کلاسیك، لەکۆتایی باسەکەماندا ئەوەمان بۆ روون ئەبیتەوە، کەسەرهەلدانی رۆمانسی کوردی لەنیوان هەردوو جەنگی جیهانی‌دا لەلایەن چینی بورژوازی کوردەوە لەناو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کوردا رەنگدانەوەیەکی گشتی کردە سەر ئەدەب بەتایبەتی ریبازی رۆمانسی، کەدەگەریتەوە بۆ:

١-دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی باکوورو باشوورو رەنگدانەوەی بزوتنەوەیەکی رۆشنبیری گشتی‌و لەجۆریك لەهوشیاری

"شـیاو" لای چینـی بـورژوازی کـورد لـەنیو بزوتنـەوەی نەتەوایـەتیدا، کەلەهـەمان کـاتدا رەنگدانەوەیـەکیش بـوون بـۆ سـەر ئـەدەبو ری خۆشکەربوون بۆ ریبازی رۆمانسی کوردی.

٢-بزوتنـەوەی نەتەوایـەتیو کۆمەلـە رامیاریـەکانی بـاکوورو باشـور بەتایبەتی جەمعیەی تعالیو ترقی ١٩٠٨و خویبوون، هیڤی ١٩١٠، شۆرشـەکەی "شـیخ سـعیدی پـیران"١٩٢٥، بزوتنـەوە نەتەوایەتییەکـەی"مـەلیك مـەحمود"١٩١٩،کـە هۆکـاریکی گرنـگ بـوون بـۆ هەلویسـتی رۆشـنبیری و بزوتنەوەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ریبازی رۆمانسی.

ئەمانە بەگشتی هەموویان هۆکاریك بوون بۆ دروست بوونی جۆریك لە "هۆشیاری شـیاو" لەلایـەن چینـی بـورژوازی ئـەو کاتـەی میللـەتی کوردەوە کەببیتە هۆی سەرهەلدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیو ئەویش بەدەوری خۆی رەنگدانەوەیەك بیت بۆ سەر ئـەدەبی کـوردی بەتایبـەتی ریبـازی رۆمانسـی، واتە (هۆشیاری چینایەتیو کۆمەلایـەتی بـووە هـۆی ئـەوەی کـە بەپلەیـەکی گەورە دەست نیشانی حالەتی پۆزەتیفانەی بنیاتی سەرخان بکات) [٢٢] بۆیـە "گـۆران"یـش ئـەلی (لـەدوای سـالانی ١٩٣٥ بـەولاوە دوای هاتنـە نـاوەوەی پیشکەوتوویی (تقدمی)و کۆمەلایەتی پالی پیوەنایین کە لەئەدەبی عەرەبیو ئینگلیزیشدا بەدوای نمونەی ئەدەبیکی تقدمی بگەیین، بەم هۆیەوە لەسـالی ١٩٣٥بەولاوە ئەم ریگەیەم گرت "ئەدەبی ریالیزم" وەکو لەهەلبەسـتی دیـاری خوای شەردا دەرئەکەوی)[٢٣].

## "خەسلەتەکانی ڕۆمانسیەتی کوردی"

زۆر لـەو سـەرچاوانەی کەباسـی ڕۆمانسیەتیان کـردووەو ئاماژەیـان بـۆ چەندین خەسلەت کردووە لەوانە سروشت -جوانی- گۆشـەگیری- خۆخۆیـی‌و خودی- نیشتمان پەروەری- ئەندیشە-ئافرەت، بـەڵام ئـەوەی کـە لەئـەدەبیاتی کوردیدا زیاتر رەچاو کراوە ئەمانەی خوارەوەیە.

★نیشتمان پەروەری

★سروشت

★ئافرەت

★ئەندیشە

## نیشتمان پەروەری

"بیکەس" بەهۆی هەستی ڕۆمانسیەوە خۆی تیکـەڵ بـە دڵ و دەروونـی خـەلك كـردوە و كیشەكانی نـاو كۆمـەلی هەلسـەنگاندوە و چارەسـەری بـۆ دەسـت نیشـان كـردوە، بـاوەری تەواویشـی بـە تیكۆشـانی مرۆڤایـەتی و راسـتییەكانی ژیـان هـەبوە، ئـەم هەسـت و باوەربوونـەش دەگەڕیتـەوە بـۆ (یەكسانی ژیان بە مانا مرۆڤایەتییەكەی، كە جیـاوازی نـەبیت، یـان بـەزەیی هاتنەوە بەو گەلانەی، كە وەك گەلی عـیراق دەیـان نـاڵاند لـە ئاسـتی رژیمـی ئیمپریالیزم، كە ئەوەش دیاردەیەكە لای شاعیرە ڕۆمانسیەكان)[٢٤] شاعیر بـە شـیوەیەكی روون و ئاشـكرا ئایدیۆلۆژیـەتی نەتـەوەیی بـە شـیعرەكانییەوە دیـارە، بـەبێ سلەمینەوە دژی سیاسـەتی ئـەو سـەردەمە جـەنگاوەو خـۆی

بەرابەری ئەو ئایدیۆلۆژیەتە زانیوە، چونکە (هەردوو شاعیر (بیکەس و رەسافی) خاوەنی یەك بیروباوەر و ئاوات و ئامانج بوون، وەك ئەوەی بیکەس نوینەری بزوتنەوەی خەباتی عیراق، ژووروی ولات بیت و "رەصافی"یش بەشەکانی تری ولات)[٢٥] تیکەڵ بوونی بیکەس لەگەڵ کۆمەلدا خۆی بە بەرپرسی ئەو شۆرشە ئایدیۆلۆژیە زانیوە، لەسەر لوتکەی وەستاوە و ئەلێ:

سەدەی بیستەمە، کوردە غیرەتی
لە خەوراپەرە، هەولێ، هیمەتێ
بەسیە نەزانی، عیلم و سەنعەتێ
سووکی هەتاکەی؟ ناوێ، حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ.. پیاوی ژیرت بێ..
لەجێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟[٢٦]

بەلگەی شیعری نیشتمانیشی، هەروەك هەموو شاعیریکی رۆمانسی پەنای بۆ بردوەو ئەلێ:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شیوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبووم واتێنەگەی
حەپس و تێ هەلدان و زیللەت تۆی لەبیربردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریك و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دلما ئاگری کردۆتەوە
ئاگریکی وا هەزار ساڵ ئاوی برژینیتە سر
قەت گرو کلپەو بلیسەی تا ئەبەد نەکوژیتەوە[٢٧]

بــە گشــتی کارەســاتە سیاسـیەکان و نـــا ئـــارامی کۆمەلگــەی کـــوردی، کاریگەرییەکی دەروونــی و مەودایەکـەی رامیـاری داوە بـە شـاعیران و خامـە رەنگینەکانیان لە ئاست مانـادا نەوەسـتاون و دژی ئیمپریـالیزم و نۆکـەرانی جەنگاون، بۆیە "گۆران" لە یادی شەشی ئەیلول دا ئەلێ:

هەزار و نۆسەدسی بوو، شەشی ئەیلول کە رۆژ هەلهات
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلیمانی
هەلۆ بەگ "ئەو جوانەی پر دلی بوو بۆ وەتەن ئاوات
لە پیش جەمعیکەوە تا بەرسەرا رووی هەلمەتی هانی..(٢٨)

بەو جۆرە (کوژرانی هەلۆبەگی خۆپیشاندەر و لـە سـیدارەدانی مـەحمود جـەودەت لـە ناخـەوە دەی بزوینـــن و بــۆ ئــەویان پارچــە شــیعری ئــازاری "شەهید" پیشکەش ئەکاو بۆ ئەمیان پارچەی شیعری (لاوانەوەی ســەرەرێ) کـە هـەتا هەتایـە هـەردووکیان بـە ئاسمـانی ئـەدەبی سیاســی کــوردەوە وەك جووتە ئەستیرەیەکی پرشنگدار ئەگەشینەوە)(٢٩)

هـەروەها شـاعیری بـەرز و روناکبـیر "پـیرەمیرد" دوای گەرانــەوەی لــە ئەستەمبولْ، ئاسۆی بیری بە ئەدەبی ئـەوروپی و تورکـی رونـاك کردبـۆوە و هـەروەك هەمووشــاعیرانی رۆمانسـی سـەودای سروشـت بـوە بــە تایبــەتی سروشتی کوردستان و کیشە رامیاری و کۆمەلآیەتییەکانی لە بەرچاو گرتـوە گەشـبین و ئومیـدی بەگەلەکـەی بـوە، لـە نــەورۆزی (١٩٤٨) ز دا بــە بۆنــەی روخاندنی پەیمانی (پورتسماوث) بەرزترین نمونە شیعری "ئەم رۆژی سـالی تازەیە نەورۆزە بەهاتەوە" کە ئیستا وەك هیمایەکی نەتـەوەیی ئامـاژەی بـۆ دەکرێ و ئەلێ:

ئەم رۆژی سالی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنیکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند سالٚ گولی هیوای ئیمە پیٚپەست بوو تاکو پار
هەر خوینی لاوەکان بوو گولی ئالی نەوبەهار
ئەو رەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بلندی کورد
مژدەی بەیانی، بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد[٣٠]

"هەردی"یش بە نووکی خامەکەی بەشداری راپەرینە سەرتاسەریەکەی عیراقی سالی (١٩٤٨ز)ی ئەکاو شیعرەکانی ئاراستەی سنگی ئیمپریالیزم دەکاو پارچە شیعری (ئاگری عورفی) دائەنیٚ و خۆی بە بەرپرسیکی نیشتمانی ئەزانیٚ و ئەلیٚ:

ئاگری سووری ئیرهابی عورفی
شالاٚو ئەهینیٚ مەکەی بۆنیـیە
گرانی وەها پیٚی لی هەلٚ ئەبریٚ
لەگەلی مالاٚ نانی جۆ نیـیە
هەر کەسیٚ شەکوای حالی دەربریٚ
یا شیوعیـیە، یا سەهیونیـیە[٣١]

"دیلان"یش بەزادەی ئایدیۆلۆژیەتی پیشکەوتووخوازەوە و بە هونەری رۆمانسیەوە ئەزموونە شیعرییەکانی ئەنجامداوەو پلەیەکی بەرزی لە هیما بریوە، هەر وەك هەموو شاعیرانی هاوچەرخ، وشەو هیماکانی لە سیاقی خۆیدا دەتەقنەوە و شیکار ئامیزن، بە ئەندیشەیەکی رۆمانسیانە لە شیعری (قوربانییەکانی نەتەوەدا) بە ناوەرۆکیکی ئۆرگانیزمییەوە ئەلیٚ:

بەڵام... پشکۆی ژێر خۆڵەمیش و ژیل
گوی هەڵخراوی دەنگی زەنگ و زیل
ئەویان مەلاسی بای تۆلە سەندن
ئەمیان چاوەڕێ خرۆشی (هەستن)
کە ئەو هەلیکرد ورد گەشایەوە
ئەمیان ئاوازی دەنگی دایەوە.....[٣٢]

## سروشت:

"بیکەس" تەنها هەر ئەو مەبەستەی نەبوە، کە خۆی ببەستیتەوە بە شیعری نیشتمانیەوە، بەلکو هەروەك هەموو ڕۆمانسیەکان پەنای بردۆتە بەر سروشت و ئارەزووی دەشت و دەریکردوە، بە تایبەتی سروشتی بەهاری سلیمانی و وەسفی پیر میکایل و قۆریەشکاو و سەرچناری کردوە و ئەلێ:

خۆشی لە (سەرچنار)ە
چیمەن و میرغوزارە
هەواکەی میشکبارە
داروبەردی خومارە
سەیرانکەری هەزارە
جیی بولبول و هوزارە[٣٣]

جوانی سروشتیش لای "گۆران" بە تایبەتی سروشتی کوردستان، لە جیهانی ڕۆمانسیدا، وینە و تابلۆکانی بەهایەکی گەورەی پێ بەخشیون، چونکە سروشت ئەو زەمینە فراوانەیە، کە شاعیر وینەکانی تیا پەروەردە

کردوەو بە سۆزو ئەندیشـەیەکی رۆمانسی بـە فۆرمیکـی تـازەو نـاوەرۆکیکی ئۆرگانیزمییەوە هۆنراوەکانی دارشـتوە، زۆر جـاریش، خامەکـەی گەیاندۆتـە راستی و بابەتیانە وینەیەکی فۆتۆگرافی لە وشەو رستە پیشکەش کردووین، هەروەك لە گەشتەکەی هەوراماندا ئەلێ:

کۆمەلە شاخیك سەخت و گەردن کەش،
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش،
سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی،
بە دارستان رەش ناو دۆلی کپی...
جۆگەی ئاوەکان تیا قەتیس ماو،
هەر ئەرۆن ناگەن پیچی شاخ تەواو[٣٤]

یان ئەوەتا "گۆران" لە هۆنراوەی "پایز"دا، هەلویستیکی رۆمانسی زۆر بـە تینـی هەیـە و خـودی خـۆی تیکـەڵ بـە "پـایز" کـردوە و سـەرتاپا ئەزمونیکی شیعری بە زمانیکی پاراو دارشتوە ناتوانێ لیی جیابیتـەوەو بـوە بە بەشیك لە بنیاتی، مات بوون، ی شیعری پایز.

پایز! پایز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز
هەردوو هاودەرد![٣٥]

هـەروەها "دیـلان"یـش لـە رووی سروشـتەوەو بـە هـۆی شـیعرە رۆمانسیەکانەوە عاشقی سروشتی کوردستان بوەو وینـە و تـابلۆی پـر سـۆزو

ئەندیشەی بە هۆنراوەکانی بەخشیوەو ئاسۆی هۆنراوەکانی لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتوە و ئەزموونی شیعری بەم کەرەسەیە بەهادارکردوە، لە هەمان کاتیشدا لای ئەو سروشت وەك جەمسەریك وابوە بۆ خۆشەویستی نیشتمانەکەی تا بتوانێ هەموو مەبەست و ئاواتەکانی تیا بهێنیتە دی ئەڵێ:

ئەی نازەنین ئەی بەرگ ئەرخەوانی
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی
لەگەڵ ئەوەی (دڵ) پەرۆشی رووی ئالە
دەروون سەودای لوتکەی بەرزو خالخالە...!
خەیاڵ وری بینینیکی چیایە
لەبەر دووری لە میرگ و سەوزە گیایە
رەنگی گەڵایی تیکەڵ بە شۆی نزاران
ئەکسیریکە بۆ دلی دەردە داران...[٣٦]

سروشت لای "پیرەمیرد"ی شاعیر و فەیلەسوف، ئەندیشەیەکی رۆمانسی و هەست و سۆزیکی ناسکی پیداوە، بە زمانیکی سادەو بە کوردییەکی رەوان وینەو تابلۆی پێ چنیوە، تاڤگەی زەلم و شاخی گۆیژە و پیرەمەگرون و رووباری سیروان، سەرچاوەی ئیلهامی بوون، وەك بیریك سروشت سەرچاوەی تەڤینەوەی وشەکانی بوەو ئەڵێ:

بەیانی بوو، لە خەو هەستام کە روانیم بەفر باریوە
سلیمانی ئەلیی بەلقیسە، تارای زیوی پۆشیوە
دەمیکە چاوەریی بەفریکی وابووم، مووژدەبێ باری
سەرم بەفرە، کەچی هیشتا شەرە تۆپەلمە بۆ یاری
لە بیرمە شیرە بەفرینەم دەکرد، سواری دەبووم، بێ زین
نسێ بوو، جیگەی دەی بەست، دەما، تاکودەمی هاوین[٣٧]

یاخود لە دەقی "تاڤگەی زەلم"دا ئەلێ:
ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی زەلم!
بۆچ بەهار لیلی و پایز سەربەتەم!
ئەلیی سەرچاوەی بەختی کوردانی
جێ بە خۆت ناگری، ویلی هەردانی...(٣٨)

پیرەمیرد، لەوینەو تابلۆکانیدا، عاشقی تاڤگەی زەلم و بەیانیەکی سلیمانی بوەو ئەو دیمەنە هەستی و راستەقینانەی بە وینە کیشاوەو تیکەڵ بە دەروونی خوینەری کردوە

"هەردی"یش بەهۆی داهینانیکی وردی واتاو دەربرینە ئەندیشەییەکانەوە چۆتە ناو سروشت و رۆمانسیانە، قەلەمی بۆ بردوە و خۆی تیکەڵ بە وشەی هەستی و نا هەستی کردوەو ئاویتەی یەکتری کردوون، وینەو تابلۆی تەلاری دلداری رەشبینانەو دەروون ئامیزی بنیاتناوە، داوا لە پایزی ماتەم و هەوری رەش و رەشەبا ئەکا کۆتایی بەو تەلارە بینن و بینەسەر گۆری یادگارو ئەلێ:

دەبا (با) رەش لە دوایدا
لە بیابانی... لماویدا
تەپوتۆزیکی وابینی، هەوایەکجاری بخرۆشێ
سەری ئەو قوژبن و چالە، وەکو گوریچە داپۆشێ!
لە پاشانا بە بای وەشتا، لەسەردا هەوری رەش بینی..!
بە گۆری یادگارا، با، بە خورتاوێ... ببارینێ.!(٣٩)

## ئافرەت

"پیرەمرد" لە باسی ئافرەتدا بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە باس. لە جوانی ئافرەت و سروشت لەگەڵ سۆزی عەشقدا پەیوەستیان ئەکاو بە باڵای سەردەمیکی ڕۆمانسیان ئەبرێ، تێکەڵ کردنی بابەتەکان و بەیەکەوە گریدانیان و بە ئەندیشەیەکی قوڵ و بەبیریکی تیژرەو گەیشتۆتە لوتکەو شێوەی هونەری یان لە خۆگرتووە، سەرنج ڕائەکیشن بۆ سەر بابەتی جۆر بە جۆری کۆمەڵایەتی فەلسەفی و دلداری و وەسف، لە پیناو ڕەخساندنی وێنەی شۆخی نازدارانیدا ئەڵێ:

ئای بۆ سەر مەستی تافی جوانی
جوانیی شەوقە بۆ زیندەگانی
چەند خۆشە نەشئەی عەشقی دیکانی
کە کچە کوردیك ئەچیت بۆ کانی
گۆزەی میشەرۆ وا لەسەر شانی
ئاو ئەتکینی بۆ سەرزولفانی
میخەك بەند ئەخشی لەناو مەمکانی
هەزار ئەلۆدە، بێ بە قوربانی..[٤٠]

هەروەها چۆن سروشت لایەنیکی ڕۆمانسی بەهیزە لای گۆران، بە هەمان شیوە لایەنی ئافرەتیش لە هۆنراوەکانیدا ئاویتەی یەکتر بوون و بە هەست و سۆزو ئەندیشەیەکی فراوانەوە زەمینەیەکی شیعری بێ هاوتایان بنیاتناوە، ئافرەت وەك بیریك لای "گۆران" بەرجەستە بووەو گەیشتۆتە

رادەیەك كە پارسەنگی قورس كردوە، بۆیە مامۆستا رەفیق حلمی ئەلێ (گۆران هەست بەوە ئەكا، كە جوانی ئافرەت كانگای هەمو جوانیەكانی تەبیعەتە، وە بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە دەكرێ، كە لە تەبیعەتا جوانی هەیە)[٤١]، بۆیە شاعیر ئەلێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ روناكی‌یە بێ بزەی ئازیز

شاعیر بەردەوام ئەبێ و جوانیەكانی ئافرەت شیكار دەكات و گیانی راستەقینەیان پیشان ئەداو لە هەموو وشەیەك وینەیەك پیك دینێ و چیژیكی تایبەتی ئەداتە خوینەر لە ئاست وینەكاندا سەرسام ئەبیت و هەروەك ئەلێ:

كام ئەستیرەی گەش، كام گولی كیوی
ئالە وەك كولمی؟ گۆی مەمكی؟ لیوی؟
كام رەشی ئەگا بە رەشی چاوی؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
كام بەرزی جوانە وەك بەرزیی باڵای؟
كام تیشك ئەگاتە تیشكی نیو نیگای؟
كام تاسە، كام مەیل، كام چاوەنواری
تەلیسماویە وەك هی دلداری؟..[٤٢]

"بێکەس"ی شاعیریش هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد بە گیانی نیشتمان پەروەری ناسراوەو هۆنراوەکانی زادەی بیرو بۆچونیکی رامیارین، رۆلیکی تایبەتیان بینیوە لە ژیانی نویی نەتەوەییدا، لەگەڵ ئەوەشدا دوورو بی ئاگا نەبوە لە مەبەستەکانی تری شیعری رۆمانسی و خولیای هۆنینەوەی شیعری سروشت و ئافرەت بوە، هاواری بۆ مانگ و لە دەرگای ئافرەتیداوە و بێ باکانە رووی قەلەمی تیکردوە ئەلێ:

قسەی شیرینە، شیلەیە
ئەو چاوشینەی خنجیلەیە
بەنازو مەکو حیلەیە
باوەربەوەعدی ئەو نەکەی..[٤٣]

لەلایەکی تریشەوە هانی ئافرەتی داوەو باوەری تەواوی پێ هەبوە ویستوویەتی بنەبری ئەو جیاوازییە بکات کە سەپینراوە بەسەریدا ئەلێ:

نەسرین دەمیکە داخت لە دلمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زولمە
وامن پیت ئەلیم چونکە لەسەرمە
هەستە تیکۆشە تا خوینت گەرمە
سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە. [٤٤]

"دیلان"یش زیاتر لە شاعیرانی هاوچەرخی رۆمانسی خاوەنی ئەزموونی هەمە چەشنەوە کەرەسەو وشەو دەربرینەکانی خۆی بە مەبەستی بنیاتنانی وینەو تابلۆی رەنگاورەنگ دەرهیناوە و گیانیکی زیندووی کردوون بە بەردا و پلە و پیگەیەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبی

کوردیدا، دیلان. لەگەڵ سروشت و مەبەستی نیشتمانیدا روو ئەکاتە ئافرەت و رۆمانسیانە وەسفی ئەکات و کردویەتە ئامانج و خستوویەتە بەر هیرشی هیماو ئاویتەی بیرو هەستی کردوەو هونەرمەندانە شەقڵ و سیمای تازەی پێ بەخشیون و لە دەقیکی موستەزادا ئەلێ:

شیرین.. بەستەی گوڵاڵەی سوور — تریفەی مانگم
شیرین.. گەشەی ئەستیرەی دوور — گفتوگۆو بانگم
شیرین.. تیشکی رۆژی دەم کەل — بۆویرانەی دڵ
شیرین.. هاژەو جریوەی مەل — بۆ وەنەوشەو گوڵ
شیرین.. ئەو پەر جوانی شیوەی — نیگای سروشت
شیرین.. تۆ ئەو تاقە سیوەی — کە فەرهادی کوشت؟[٤٥]

"هەردی"یش هەر لە سەرەتای شیعرییەوە پیی ناوەتە ناو جیهانی رۆمانسیەوە، بەهۆی سۆزو ئەندیشەی شیعریەوە، شوینەواری خۆی لەسەر دڵ و دەرونی خوینەران بەجێ هیشتوە، بیری پیشکەوتووخوازی وای کردوە، کە شاعیر هەمیشە لە ناخەوە هەستی بە کیشەکانی ناو کۆمەڵ کردوەو لەگەڵ زەمینەی هۆنراوەکانیدا گونجاندویەتی، پەنای بردۆتە بەر ئافرەت، بە تایبەتی لە شیعری "ست فاتمە" و "دلداری کچی تازە"دا کیشەکانی تیا زەق کردۆتەوەو پایەیەکی بەرزی داوەتێ لە جوانی داو، بەشیعری دلداری مەبەستیکی گەورەی چینایەتی پیکاوە، کە ئەویش (خۆشەویستی لە دوو کەسی جیاواز، خۆشەویستی دوو چینی جیاواز نیشان ئەدات[٤٦]

واتە گریدانــی ئـافرەت بـە کیشـەکانی نـاو کۆمـەڵ و لـە هـەمان کاتیشـدا بەهۆی سۆزو ئەندیشەیەکی چـرەوە، وینـەی جۆربـەجۆرو بـەرەنگی جیـاواز پیشان داوەو ئەڵێ:

فاتمە..! دوو چاوی مەستت، پر تەلیسمی جوانییە
پر شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە،
بەژن و بالەکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانی‌یە،
لارو لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانی‌یە
بووکی رازاوەی خەیالم، گیانەکەم ست فاتمە!
تاقە پرشنگیکی چاوت ئەوپەری ئاواتمە..(٤٧)

## -رەگەزی ئەندیشە

ئەندیشـە، رەگـەزیکی سـەرەکی داهینانـەو پیوەندییـەکی بـە تینـی بـە سۆزەوە هەیە، هەر وەك چۆن "وردز ورث"، ئەڵێ: (ئەندیشە عەدەسـەیەکی ئالتونییەو شاعیر بابەتەکانی لەناودا ئەبینێ و لە شیوەو رەنگدا سـەرنجیان لی ئەدات)(٤٨)، رۆمانسیەکان بە پیچەوانەی کلاسیکەکانەوە بروایەکی یەکجار گـەورەیان بـە ئەندیشـە بـووەو پلەیـەکی گـەورەی لای ئـەدیبان بـە تایبـەتی شـاعیران پیکهینابوو لـە بـەر ئــەوەی (شـیعر جۆریکـی گرنــگ لـە راسـتی دەرئەخا و ئەوەی ئەندیشەش دەی بینێ، ژیری سادە نایبینــێ).(٤٩) هـەروەها وایـان دائـەنا، کـە هـەموو شـتە نادیارەکان لـە ریگـەی ئەندیشـەوە مەیسـەر دەبێ، بۆیە "پیرەمیرد"ی شاعیریش بـە ئەندیشـەیەکی ناسـکی رۆمانتیکانـە

لە جیهانی راستەقینە دوور ئەکەویتــەوەو روو ئەکاتــە ئەسـتیرەکان و دیتـە قسەو ئەلێ:

ئەستیرە بەرزەکان ئەدرەوشینەوە بە شەو
وەك من بەداخەوەن نەسرەوتیان هەیە نەخەو
چەند سالە ئاشنای شەوی بیداری یەکترین
وەك سەرسەرین، شەوێ سەرێ ناکەینە سەر سەرین
من خوارو‌و ژوور لە دەس چووەکەی بیولەت ئەوان
وەك خیلی خوارو‌و ژوور کەری کورد، ویلی ئاسمان..(٥٠)

"گۆران"یش بـە تـەنیا چاوی بریوەتـە بەسـەرهاتی ئەسـتیرەیەك و لـە ئەنجامی لێ وردبوونــەوەو لـە دەریـای ئەندیشـەو لیکدانـەوەدا لـە وینەیـەکی شیعرییدا کەسایەتی داوە بە (کـەل) و ئەستیرەشـی چوانـدووە بـە دلۆپـەو ئەلێ:

بەلام ئیستا ئەو ئەسپایی، بەرەو خوار
هەلْ ئەخلیسکێ، کزکز، ئەگاتە لیوار؛
لیوی تینووی کەل وەك دلۆپ ئەیمژێ،
ئەی داخەکەم، مەرگی نیشتن ئەیکوژێ
ئەم ئەستیرە، بەسەرهاتی دلگیری
لەکەم رۆحا نابزوینێ سازویری؟!(٥١)

"بیکەس"یش رۆمانسیانە دەروانیتــە ئاسمـان و لەگـەلْ "مـانگ"دا دیتـە قسەو کەسایەتی ئـەداتێ و بـە سـۆزو ئەندیشـەیەکی ناسـکەوە دەردو ئـازارو گرفتـەکانی خـۆی دەخاتـە روو و لـە هـەمان کاتیشـدا وەك چارەسـەریك بـۆ

بیمارانی داناوە ئەمەش ئەنجامی نا ئومێدی و وەرس بوونی خۆیەتی و شەقلیکی شاعیرانی ڕۆمانسیە و لە سنووری عەقڵ و مەنتیق تێپەڕیوەو کردوویەتی بە سەرچاوەی ئەزموونی شیعری و ئەڵێ:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە
دەخیلتم ئەی مانگ قیبلەی دلداران
دەرمانی دەردی دلەی بیماران...(٥٢)

شاعیر بەو سۆزو ئەندیشەیەوە وەردەچەرخێتە، سەر وێنەی (بۆردوومان و کفنی ئاڵ) وەك هیمایەك بەکاریان ئەهێنێ و وێنەی مەینەتیەکانی گەلی تیا ئەخاتە ڕوو و ئەڵێ:

چەند بۆردوومانی کوردوستانت دی؟
چەند کفنی ئالی شەهیدانت دی؟.. (٥٣)

وێنەو هیماکانی "دیلان"یش بوونە جێگای سەرنج و تێرامان بۆ خۆێنەران، بە بیریکی وردو ئەندیشەیەکی ناسکی خەسلەت ڕۆمانسی خۆی تێکەڵ بەو جیهانە کردووەو داهێنان و جوانی لە وێنەکاندا پیشانداوە، شیعری "گەشتێ" بەرهەمیکی دەروونی و ڕۆژگاریکی سەختی ژیانە، کە لە بەندیخانەدا بەسەری بردووەو جیهانیکی نا ئومێدی و چەندەها ڕازو خواستی تیا پێشیل کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگیکی وشەی کوردی ڕەسەنی پێبەخشیوین و لەسایەی هونەری هیماو سۆزو ئەندیشەوە لە دوا

پلەی سەرکەوتنی دابووە، بەهۆی بیری پیشکەوتوخوازییەوە لە ناخی ئازارەکانەوە داوای ئاشتی و برایەتی ئەکاو ئەلێ:

ئیتر زرەی زنجیری شەو تەقەو رەقەی ئەو
ئارامێ بوو بۆ شەوگارم یا بۆ پرخەی خەو
تۆم لێ دیاری (کولووی لۆکە) مەلی ئاواتم
گولی هەردەی رەنگینم و بەرو بەراتم
بۆ ئەوەی تۆم ببیتە باوەش دەمی کراوە
بۆ خواردنی جەستەو لەشم پر لە شاڵاوە
بۆ ئەوەی تۆ بالی زیرین بکەی بە سیبەر
لە ژیر بالتا سەربەستی بێ و سەرچاوەی هونەر(٥٤)

"هەردی"یش زەردەخەنەی ژەهراوی دلدارەکەی لە ریگەی وینەو دەربرینی جۆربەجۆر و باریکی دەروونی نا لەبارەوە ئاراستەی خوینەران کردووەو ئەزموونە شیعرییەکەی تیکەڵ بە رەگەزی ئەندیشە بووەو گەیاندویەتە دوا پلەو ئاویتە بوون و ئەلێ:

بناغەو چینی دیواری!
تەلاری بەرزی دلداری
بەسەر لانەی دلا رووخا
تەپوتۆزی خەمی هینا
بەدووی بالداری ئاواتی
فریوی بێ سەرو شوینا!
دەسا ئەی پایزی ماتەم!
ئەوەندەم تاسە پێ ماوە!

هەموو ئەو یادگارەی لەو
ژیانی عەشقە جێماوە
بە جارێ وەك گەڵا
سروەی خەزان گشتی ڕامالی(٥٥)

★ ★ ★

## بنیاتی وینە لە شیعری رۆمانسی کوردیدا

### بنیاتی وینەی تاك:

پێویستە ئەرکی هەر (وینەیەك لە ئەزموونە شیعری یەکەدا لە پێناو وێنەی گشتیدا بێت و وێنەکان لەگەڵ هەست و بیری گشتی دەقەکەدا هاو سۆزبن)[٥٦]، چونکە دەقی شیعری تازە، جۆرە ئۆرگانیزمییەکی تیدایەو پیوەندی نێوان وینەکان، پیوەندیەکی مەعنەوی و دەروونییە، دەقەکەش لە چەند وینەیك پیکهاتووە واتە (وینەی تاك پیوەندیەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ وینەکانی سیاقی گشتی دەقەکە)[٥٧]دا، لێرەدا بۆ پیکهینانی بنیاتی وینەی تاك ئاماژە بۆ ئەم بنیاتانە ئەکەین:

-بنیاتی وینەی تاك بەهۆی ئالوگۆری هەستەوەرەکانەوە.
-بنیاتی وینەی تاك بەهۆی ئالوگۆری درك پیکراو (المدركات)
-بنیاتی وینەی تاك بە ریگای لیکچوون و وەسفی راستەوخۆوە.

### -بنیاتی وینەی تاك بەهۆی ئالوگۆری هەستەوەرەکانەوە[٥٨]

ئالوگۆرکردنی ئەرك و سفاتی هەستەوەرەکان، هۆکاریکە بۆ پیکهینانی وینەی تاك، کە لە شیعری نویدا بە روونی و ئاشکرا دیارە، واتە بەهۆی گۆرینی ئەرك و سفاتی یەکێ لە هەستەوەرەکان بۆیەکیکی تر، بۆ نموونە ئەرکی هەستەوەری چاو بدریتە گوێ و ئەو پەردەیە دەشکینرێ کە زمان دروستی کردووە لە نیوانیاندا، هەروەك چۆن "دیلان" لە دەقی شیعری "نیرگس"دا ئەرکی وشەی "روانین"ی داوەتە "دەم"، و ئەلێ:

وەك كۆمەلە ئالتونیكی
زاخاو دراوە
دەمی زەردت
ئەروانیتە بریقەی بەرد...[٥٩]

لیرەدا شاعیر وشەی "ئەروانیتە"كە ئەرك و سفەتی هەستەوەری چاوە، رۆشنبیری و بیر تیژی شاعیر وای كردووە كە ئەو ئالوگۆرە بكات، كە پیچەوانەی یاسای زمانییە، واتە بنیاتی وینەكانی لەسەر بنچینەی ئالۆگۆركردن دروست كردووەو وینەیەكی شیعری تاكی ئاراستە كردووین، یان ئەوەتا شاعیر وشەی "تروسكەی دوور" لە دەقی (ریگای خەبات)دا كە ئەرك و سفەتی هەستەوەری چاوە و گۆریویەتی بۆ ئەندامیكی تری جەستەی مرۆڤ و لەریگەی بنیاتی ئالوگۆرەوە وینەی شیعری لی رەخساندووەو ئەلێ:

تالە دەزووی تروسكەی دوور
تروسكەی دوور
لە قامچی نەرمی ئەئالێ
ئەئالێ
ئەی برد بۆ قوژبن و چالێ..![٦٠]

شاعیر زیاتر قوڵ ئەبیتەوەو ئەچیتە ناو ناخی وینەكانەوەو توانای پیكهینانی وینەكان زیاد ئەكات و زیاتر دەچن بە ناو یەكتردا، هەردوو حالەتی بەرجەستەكردن و ئالوگۆر لە بنیاتی وینەی گشتیدا بەشداری دەكات و وینە لە ناو دلی وینەدا دروست دەبیت، هەر وەك لە ئاراستەكردنی

وینە گشتییەکەدا ئەڵێ: (لە تینوانا ئەخنکێ، چاوی چارە) شاعیر کەسیەتی داوە بە وشەی "چارە" و سیفاتی مرۆڤی داوەتێ، بەڵام لە وینەی دووەمدا، لەسەر بنچینەی ئالوگۆر بنیاتی وینەکەی پیکهیناوە، ئەویش بە وشەی "تینوو" کە ئەرك و سفەتی، هەستەوەری، "چیژە"و گۆریویەتی بۆ هەستەوەری "چاو" هەر وەك لە دەقی (بەستەی بێ دەرەتان)دا، کە وینەیەکی گۆرانی مرۆڤە بێ دەرەتانەکانە و ئەڵێ:

نە چڵ دیارە...
نە بیخی
دەستی بەرمێ...!
لە تینوانا ئەخنکێ
چاوی چارە...(٦١)

"لەتیف هەلمەت"یش لە ریگای ئالوگۆری ئەرك و سفەتی هەستەوەرەکانەوە، توانیویەتی بنیاتی وینەکان پیك بهینێ، کە بە ئاشکرا لە سیاقی رستەکاندا دەردەکەویت، شاعیر وشەی "تاڵ"ی لە سیاقی رستەی "بشێ بۆنی تالی دووکەڵ"دا هاوکیشەی پیکردوەوە و ئەرکی داوە بە هەستەوەری "بۆن" کە خودی وشەکە سەر بە هەستەوەری "چیژە" بە هۆی دۆخی دەروونی شاعیرەوە، ئەو پیوەندییە ئاساییەی پیپەراندووە، کە لە نیوان زمان و هەستەوەرەکاندا هەیە و بنیاتی وینەکەی رەخساندووەو ئەڵێ:

من دووبارە
گر بەردەدەم لە جەنگەلە کرمنەکەی

ئەم هەوارە
بشێ بۆنی تالی دووکەڵ
نەزرێنێ خەوی خۆش
خەوتووەکانی ئائەم شارە...؟[٦٢]

## -بنیاتی وێنەی تاك بەهۆی ئالوگۆڕی درك پێکراو[٦٣]

### (أ)بەرجەستەکردن:

پێکدێت بە هۆی بەرجەستەبوونی وشەی ناهەستی (معنوی)، کە دەگوێزرێتەوە بۆ وشەیەکی هەستی و سفاتی تازەی ئەدرێتێ، هەروەك چۆن "بێکەس" لە دەقی شیعری "داری ئازادی"دا وێنەیەکی تەواوی هەست پێکراومان لە وشەی "ئازادی" ئەداتێ و بنیاتی وێنەکەی لێ سازداوە، ئەویش وێنەی "داری ئازادی"یە وەك هیمایەك بۆ سەربەخۆیی ئاماژەی بۆ کردووە و ئەڵێ:

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا
هەر بروخێ بەس نییە، تاکو نەسەنرێ نادرێ..[٦٤]

دوا بەدوای ئەمیش "لەتیف هەلمەت"یش لە دەقی شیعری (خەوەکەی لالە سەرحەد)دا، بۆ بنیاتی وێنەکانی لە "وشەکانی" هۆنراوە، ئەندیشە، ئەوین"ی بەرجەستەکردووە، و سفاتی تازەی پێبەخشیون و ئەڵێ:

منیش ئەو شاعیرە شیتەم
کە لـی هەموو رەشەباکان
چەمی هۆنراوەم لیخن ناکات و
پەرو بالی سیمرخی ئەندیشەم
هەوری شەستە بارانی ئەوینم
لە ئاسمانی چاوەکانت دوور ناخاتەوەو...[٦٥]

یاخود ئەوەتا "کامەران موکری" لە دەقی شیعری "تینوومە"دا بەگشتی دەقەکە لە چەند وینەیەکی تاك پیکهاتووەو بنیاتی وینە گشتییەکەی لە سیاقی گشتیدا دەرهیناوەو بەریژەیەکی ئۆرگانیزمی بەیەکەوە بەستراون و وشە ناهەستییەکان بۆ بەرجەستەبوون، هەروەك لە وینەکانی (هەورەکەی ژیان، پووشی نائومیدی دڵ، شۆرشی لیتاو، قەلاّکەی سەختی دەروون، ژالەی پەژارە)دا پیشانی داون و لە خودی دەقەکەشدا ئەلیٚ:

ئەمرۆ تینوومە............
زۆرم تینووە، هەروەك بیابان
لـی سووتاوم، تاسەی تاساوم،
تینوون، بۆ نەختیك دلۆپی باران
سادەی هەورەکەی ژیان، بارانیٚ
رامالیت پۆشی نا ئومیدی دل-خەندە و گریانیٚ
شۆرشی لیشاو
با هەستیٚ بە تاو
بۆ سەر قەلاّکەی سەختی، دەروون،
سزاو نەبوونی...

دەرهێنیٚ لە بیخ ژاڵەی پەژارە، ژیانم تاڵە
ئەمڕۆ تینوومە هەروەك بیابان...[٦٦]

**(ب)کەسیتی:**

لـە ڕێگـەی کەسـیتییەوە بنیـاتی وێنـەکان پێـك دیـن و شـاعیر سـیفاتی مرۆڤیان پێدەبەخشیٚ و وەك مرۆڤێك مامەڵەیان لەگـەڵدا ئـەکات، هـەروەك "شێرکۆ بێکەس" لە دەقی شیعری "خۆر نشین")دا، کە چەند وێنەیەکی لە خۆ گرتووەو دەقێکی بازنەییەو لەوێنەکانی وەك، ئەی خۆرنشین، مەرۆ، بـە شوین تۆدا، وشەکانم، یەك یەك ئەگرین، بەرجەستەبوونیانی ڕاگـەیاندووەو کەسیتی تەواوی پیٚ بەخشیون و ئەڵیٚ:

خۆرنشین.
ئیوارەم و
دلۆپ
دلۆپ
ئەتکیمە سەر خۆرنشینی
غەریبی خۆم..
ئەی خۆرنشین!
مەرۆ! چونکە
تاسبەینیٚ
هەتا ئیوارە دیتەوە

به شوین تۆدا وشەکانم
یەك
یەك ئەگرین
ئەی خۆر نشین![٦٧]

هەروەها "گۆران"یش وینە لە دلی وینەدا دەرئەهینێ و کەسیتیان ئەداتێ و مرۆڤانە مامەلەیان لەگەلدا ئەکات، هەروەك لە دەقی شیعری "هەوری پایز"دا، کە چۆن وینەی هەوری بارشت "بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، لە دلی وینەکەدا وینەی "سنگی چیا"ی دەرهیناوەو سفاتی تایبەتی پیبەخشیوەو دەقەکەشی بە گشتی لە چەند وینەی وەك "بابە خوربگری، بە کولّ بگری، گولّ بگری" پیکهاتووە و ئەلێ:

له دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پیشەنگ و
بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، کش و بێ دەنگ...
بەسەر پایزی زەردا بابەخوربگری، بەکولّ بگری
بەسەر داری گەلا زەردا، بەسەر پووشا، بەسەر درکا...[٦٨]

هەروەها "دیلان"یش لە دەقی "شیخ محمودی زیندوو" و "نیرگس"دا چاو و گوێ و پرچ و روومەت بە وینەکان ئەداو ئەلێ:

بەرانان دیارە قورگت گیراوە
چاوت لیخنی خوری گریانە
سەرت چەپۆکی کۆچی بێ وادەی
شیخ خولی داوە ستی فغانە
بەلام بەرانان گویم لیراگرە[٦٩]

لە دەقی شیعری "نیرگز"یشدا، پرچ و چاو و روومەتی داوە بە نیرگز و وینەکانی ئاراستە کردووین و ئەلێ:

ئەی پرچ پەرەی سپی و نەرم

ڕوومەت بلوور

چاو... سەر چاوەی مەستی و شەرم

بریسکەی دێ...[٧٠]

## -بنیاتی وێنەی تاك لە ڕێگەی لێكچون و وەسفی ڕاستەوخۆوە.

زۆر لە شاعیران لە ڕێگای وەسفی ڕاستە و خۆو لێكچوون بە هەموو جۆرەکانییەوە زۆرترین وێنەی تاك ئەرەخسێنن بە تایبەتی لە لایەن ئەو شاعیرانەی کە زیاتر وشەی زمانە ئاساییەکەیان کردووەتە بناغەی زمانی شیعریی بۆیە "ستیفن مالارمیە" باوەری وایە (کە شیعر لە وشەکان پێك دێت نەك لە بیرو بۆچوون)[٧١]

"گۆران"یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆرینەی وێنەکانی لەو جۆرە زمانەو بنیاتەن و لەم وەسفە ڕاستەوخۆیەدا و لە سیاقی ڕستەکاندا وێنەی جۆر بە جۆری پێك هێناوەو لە دەقی شیعری (درزی پەچەوە) بەرامبەر ئافرەت ئەڵێ:

دەست و پەنجەو، مەچکێك و، نیگایەك

(چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەك)

قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە،

سەر پەنجەکان یاقووتێك بوون بە ورشە،

ببینە سەر چاو: چاوێك... بلێم چ چاوێك

کانی سیحر، دەریای عشوە، گێژداوێك...[٧٢]

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە ریگەی لیکچوونەوە زەمینەی وینەکانی فراوان کردووەو هەموو جۆرەکانی گرتۆتەوە و وەك هۆکاریك بۆ وینەکانی ئامادەی کردوون و زۆر جاریش چەند لیکچونیك کۆبۆتەوەو ئەلێ:

وەك شیر نرکانی، وەك ئاگر هەلچوو
زنجیری پچران، لە زیندان دەرچوو..(٧٣)

"بەختیار زیوەر"یش لە دەقی شیعری (سکاڵای دڵ بۆ ئەستیرەیەکی هاوریم) لە ریگای لیکچوونەوە وینەی تاکی بنیاتناوەو ئەلێ:

ئەی ئەستیرەی پرشنگدار
رێ نیشاندەری ریبوار
ئەی هاوریکەی شەوگارم
من پەست و شەو بیدارم...(٧٤)

★ ★ ★

## بنیاتی وێنەی گشتی:

(هەموو ئەزموونێکی شیعری بە دەرنییە لە ڕەگەزە جیاوازەکانی بیرو ئەندیشەو سۆز، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە)[٧٥]، واتە وردی و تێبینی لە بیرو بۆچوونەکانی شاعیر ئەزموون پێک دێنێ و دەیانخاتە چوارچێوەیەکی تایبەتی و کێش و قافیە و ئاوازی پێ دەبەخشێ، چونکە (ئەوەی کە شاعیر دەری ئەبڕێ جۆرە بەربەرەکانییەکی خودییە، یا ئەوەتا دۆخێکی دەروونییە، یان نواندنێکە بۆ هەلویستێکی مرۆڤایەتی)[٧٦]، هەروەها هەموو دەقێکی شیعری تازە شێوەیەك لە ئۆرگانیزمی لەخۆگرتوەو چۆن لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد، کە پێویستە وێنەکان لە ئەزموونەکەدا بە گشتی یەکگرتوو و بەیەکدا چووبن، لەبەر ئەوەی (کاتێ شاعیر لەیەك وێنەدا یان شیعرێکی چەند وێنەی جیاجیای لێك گرێداویان تێك هەلکێش لە چوارچێوەیەکی گەورەدا نیشانمان بدات دیارە لە زۆر ڕووەوە چلەوێنەکانی لێکداون و بوون بە چەپکێك)[٧٧]. تا لەگەڵ هەست و بیری ئەزموونەکەدا یەك بگرنەوەو جیهانبینی دەق ئاشکرا بێ، چونکە لە میانەی ئۆرگانیزی دەقدا وێنەکان یەکگرتوو دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بزانین کە (وێنەی تاك بناغەو بنچینەی وێنە گشتی یەکەیە و پێویستە پەیوەست بێت بە هەستی گشتی دەقەکەوە و لە گەلیا هاودەم بێت)[٧٨] چونکە هەتا زیاتر ئەو پەیوەندیە چڕبێتەوە لە نێوان سیاقی ئەزموون و وێنەکەدا ئەبێتە هۆی (کرداری دارژان و تیشك ئامێز و دەرخستنێکی بێ

سنوری ئـەبیت)[٧٩]، لەبـەر ئــەوە ئیمـە زیـاتر بـۆ بنیـاتی وینــەی گشـتی دەگەرینـەوە بـۆ شــیوەی ئۆرگـانیزمی دەق بــۆ پیکـهینانی وینــەی گشـتی، دەتوانین لەم روەوە ئەم بنیاتانە ئاماژە پیبکەین.

★بنیاتی بازنەیی

★بنیاتی برگەیی

★بنیاتی ئەفسانەیی

## بنیاتی بازنەیی

مەبەست لـە بنیـاتی بازنـەیی (دەسـت پیکردنـی دەق بـە هەلویسـتیك یاخود دۆخیکی دەروونی و لە کۆتایشدا بگەریتـەوە سـەر هـەمان هەلویست لە دەقدا، یـاخود شـاعیر پـەنا دەباتـە بـەر دووبـارە بوونـەوەی یەکـەم دیـرو ناوەرۆکی دەق)[٨٠]، دەقەکە بە گشتی رووداویکە لە شیوەی بازنەییدایـەو لـە چەند وینەیەك پیکهاتوەو جۆرە پەیوەندیەکی تایبەتی لەنیوانیاندا هەیە و شیوەیەکی یەکگرتوو و هاو ئاوازیان لە خۆگرتوە، بەدەوری یـەك نـاوەرۆکدا دەسورینەوە و دەچنـەوە یەکـەم خـالی دەست پیکـردن و لـە پینـاو وینــەی ســەرەکیدان، "دیـلان" لــە دەقــی "کــەی"دا خــودی خــۆی بـــە جۆریکــی دیالیکتیکی لەگەل رەگەزەکانی سروشتدا کەوتۆتە بەربــەرەکانی و پرسـیاری تیا زەق کردۆتەوە، لە پیناو کیشەیەکی رامیاری دا جەخت دەکاو ئەلی:

ئەی هەنسك و سۆزی بلویر

کەی بی من... تیر

قوم بدەم لەو "گوێ" شەتاوە
دەم بخەمە دەمی چاوە...؟
دەست بکەمە ملی چیا
وەك شەونمی سەر سەوزەگیا
وەکو هەنگی سەر هەڵاڵە
سەر بکەمە سەر گوڵاڵە
سنگی نیرگس هەلبمژم
کەمەری "تاڤگە" بگوشم...؟
ئەزانی کەی... ئەزانی کەی؟
هەناو و دڵ ئەلێ ئۆخەی...؟
کە ئازاد بوو نیشتمانم
بەهارەکەی کوردستانم
گەشە بۆ من بۆ چاوی کوێر
ئەی هەنسك و سۆزی بلوێر!(٨١)

شاعیر لە قۆناغی یەکەمدا لەبەربەرەکانی و پرسیارکردنایە لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشت، دیالیکتیکیانە وینەکان ئەجولینێ و دەلالەتی تازەیان ئەداتێ، لە پیناو دابین کردنی وینەی سەرەکیدان و ڕوویەکی ئۆرگانزمیان وەرگرتوەو کرداری کەسیتی لەوینەکاندا بە ئاکام گەیشتوە وەك (دەمی چاوە، ملی چیا، سنگی نیرگز، کەمەری تاڤگە)دا بەرجەستەبوون هەروەها لەم پرۆسەیەدا وینەکان لەناویەك ناوەرۆکدا دین و دەچن و لە پیناو وینەی گشتیدا کارئەکەن، دەقەکە بە وینەیەکی کیشەی نەتەوایەتی ئەکاتەوەو دووبارە دەگەریتەوە سەر دیری یەکەم لە دەقدا و ئەلێ:

کەی ئازادبوو نیشتمانم
بەهارەکەی کوردستانم
گەشە بۆ من بۆ چاوی کویر
ئەی هەنسك و سۆزی بلویر.

## بنیاتی برگەیی:

شاعیرانی رۆمانسیی کوردی، هەر وەك هەموو شاعیرانی عەرەبی و ئەوروپی، بنیاتی دەقە شیعرییەکانیان بە بنیاتی برگەیی پیکهیناوە و پیشبرکیی گۆرانی بنیاتی دەقیان کردوەو هاوچەرخانە مامەلەیان لەگەلدا کردوەو بنیاتی "برگەیی" یان لە دەقەکاندا رەچاو کردوە، ئەوەتا "گۆران" بنیاتی دەقی "بەستەی دلدار"ی لە چەند برگەیەکی شیعریی پیکهیناوەو شیوەیەکی ئەندازەیی لە خۆگرتوەو لەگەڵ برگەی بنچینەییدا:

نە لە شارو نە لە دێ
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ!
تۆیت و بەس

بە دریژایی دەقەکە بەشیك لەم بنیاتە دووبارە ئەبیتەوەو ئەبیتە بنچینەی بنیاتی گشتی دەق، بەشەکانی تری برگەکان لەگەڵ بەشیك لەم بنیاتە گەشە ئەکەن و یەکگرتوویی دەقیش دەپاریزن بە هۆی دووبارە

بوونـەوەی بنیـاتی ئـــەو برگەیــە، واتــە (شــێوازی ئــەم بنیاتــە بــە چــەند یەکەیـەکی جۆربــەجۆر لــەناو یەکەیــەکی تــەواوی دەروونــی و مــەنتقی و ئۆرگانیزمیدا بنیاتی وینەی گشتی پیك دەهینن)[٨٢]

شـاعیر لـە پینـاو یـەکگرتوویی دەقـدا هـەولی داوە کـە دیــری "تۆیــت و بەس"ی سێ برگەیی، شەش جار لەسەر ئاستی گشتی هـەر حـەوت برگەکـە بـەکارهیناوە، هـەروەها دیرەکانی "نـەمدی کـەس" و "وەك تـۆ جـوان بـێ" کەسێ برگەیی و چوار برگەیین، سێ جـار لەسـەر گشـتی دەق بـەکارهاتوون، بەڵام دیرە حەوت برگەیەکەی "نە لە شارو نە لـەدێ" لـە سـەرەتاو کۆتـایی دەقدا هاتوە، کە هەموو دووبارە بوونەوەیەك جۆرە جوانی یەك و ئـاوازیکی تایبەتی بە دەق بەخشیوەو لە رووی بنیاتیشـەوە، دەقەکـە بۆتـە یەکەیـەکی یەکگرتوو سەربەخۆ،

بەگشتی دەق ئـەزموونیکی شـیعری رۆمانسـییە، بـە بنیـاتیکی زمـانی کــورت و دەربرینــی جۆربــەجۆی کارامــەو بــە بنیــاتیکی تــری برگــەیی هاوچەرخانەی رۆمانسی کۆمـەلێ وینـەی خـود -سروشـت- ئـافرەت، بـەهۆی دووبارەبوونــەوەی بنیـــاتی برگـــەیی و بـــە نـــاوەرۆکیکی ئۆرگـــانیزمی بەرجەستەکردوە، وینە تاکەکانیش لە پیناو زامن کردنی وینـەی گشـتیدان، لەلایــەکی تریشـــەوە پیوەندیـــەکانی نـــاوەوەی دەق هیمـــای ناکۆکیـــەکانی دەروونی خودی لە ئامیزگرتوەو دەیەویت لە ریگای ئافرەتەوە سەختی ژیان ئاسان بکات، لیرەدا دەقەکە دەخەینە بەرچاو:

بەستەی دلدار
لەژیر ئاسمانی شینا،
لەپاڵ بوتکەی بەفرینا،
کوردستان گەرام،

دۆڵاو دۆڵ پیوام؛
نە لە شارو نە لەدێ:
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ!
تۆیت و بەس
کچە کوردیك دڵ پیی شادبێ
وەك فریشتەو پەریزاد بێ!

★ ★ ★

نەباریکی، نە گۆشتن،
نە کچۆلەی نە شاژن،
نە زۆر چاورەشی
نە ئیجگار گەشی
بەڵام بەنیگای شیرین:
نەمدی کەس
وەك تۆ بەتین..
تۆیت و بەس!
لیت بێ بزەی مانگە شەوی
بەژنی ریك و رەوتی کەوی!

★ ★ ★

لەو رۆژەوە تۆم دیوە
عەشقیك لە دڵ چەسپیوە!
ساتێ دوور بی لیم،
گر بەر ئەبێ تیم!

کە دەست لە یەخەت گیر نابێ!
لەلای کەس
دڵ ژیر نابێ؛
تۆیت و بەس
پەنای هیوا خەو بینینم،
ئاواتی گیانی شیرینم!

★ ★ ★

ئەوساکە تۆم نەدیبوو،
ژینم تالی و ترشی بوو؛
بێ شادی و ئارام،
بێ هیواو ناکام،
ئەژیام: ژینی سەر سەری؛
نەمبوو کەس
بۆ رابەری؛
تۆیت و بەس
ریگای هیوا نیشان دەرم،
سەختیی ژیان ئاسان کەرم!

★ ★ ★

ئەی گەورە کچی (زەووس)!
خوشکە جوانەکەی ڤینوس!
تۆ ئەپەرستم،
بۆیە وامەستم،
بۆ ئاینم ئەگەرێ

هەندێ کەس؛
با جار بدرێ:
تۆیت و بەس
★ ★ ★
قیبلەی ئایین و باوەرم،
خوای بەهەشتی دلی تەرم!
وەك سەرەرۆی شوین ئامانج،
نەزازا ما نە کرمانج،
گەرام کوردستان،
گەرمیان و کویستان:
نە لە شارو نە لەدێ،
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ؛
تۆیت و بەس
کچە کوردیك وەك گوڵ وابێ،
کوردستانی پێ ئاوابێ!..[٨٣]

## بنیاتی ئەفسانەیی:

شـــاعیرانی هاوچـــەرخ بـــۆ بەدیـــهێنانی وێنـــەی شـــیعریی، هێمـــا ئەفسانەییەکانیان وەك هۆکارێك بنیـاتی وێنـەکانیان پـێ ڕەخسـاندوونو ڕوویەکی (هونەریو دەروونیو سیاسیو شارەستانی)[٨٤] یان پێ بەخشیوون، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییـەکی ئۆرگـانیزمی ئـەدەن بـە دەقو بـەرگری لـە تێکچوونی واتا دەکەن، شاعیرلە کاتی مامەلە کردنی هێمـا ئەفسانەییەکاندا، لەسیاقی ڕستەدا دەیان گونجێنیو بەهایەکی تایبەتیو دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێو بەرەو پێکهێنانی گوتاری ئـەبات چونکـە (شـیعری تـازە لەسـەر بنچینـەی گوتـارە)[٨٥] لێکۆڵینـەوەو ڕاڤە کردنیشیان هـەروەك (نـور شـراب فــرای)، کــە یەکێکــە لــە ڕەخنــەگرانی ئەفســانە دەڵێــت (دۆزینــەوەی پەیوەندیـەکانی ئەفسانەو شیعر، ئـەو توانایـە دێنێتـە دی، کـە ڕەخنـەی ئـەدەبی بگۆڕێ بـە زانســتێکی ڕاســتەقینە)[٨٦] زۆربــەی شـاعیرە تازەکـانی کوردیش، وێنەکانیان لە ئەفسانە کۆنـەکان پێکهێناوەو بـەهێمای جۆر بـە جۆرو مـەدلولی جیـاوازو بەسـیاقی تــازە ڕەخسـاندوویانن، هـەروەك چـۆن "دیـلان" لـە دەقـی "نـەورۆز"دا دەیـەوێت بـاس لەئازایـەتیو جەربـەزەیی ڕۆڵـەکانی میللەتەکـەی بکـاتو جێگـەو پایـەی بـەرزیان بداتـێ، مـەدلولی تایبەتی داوە بە "کاوە"ی قارەمـانو بـە هێمـای سـەرکەوتنی دائـەنێو ئـەو پەیوەندیـەی سازاندوە کـە لـە نێـوان ئەفسانەو ژیـانی ڕاسـتەقینەدا هەیـەو وێنەی "کاوە"ی قارەمانی ئاراستە کردووین و ئەڵێ:

ئاورێ... لە چەکوش بە شان
لە کاوەی قارەمان
کەسنگی کردەوە
گەلی لە پشتەوە
گرەوی بردەوە..(٨٧)

هەروەها "گۆران"یش پەنای بردوەتە بەر ئەفسانەی "درنـج"و مـەدلولی تـاریکی و تارمـایی و چەوسـاندنەوەی داوە بـە هـەموو ئەوانـەی، کـە لـە فەرمانی (ماك ئارسەر)دا داماویان بەسەر گەلی "کۆریا"دا هینـاوە، لـە رووی هونەریشەوە شاعیر بنیاتی دەقەکەی لەو هیما ئەفسانەییە پیکهیناوەو لە ئاراستەیەکی تازەی گونجاودا وینەکەمان پیشکەش ئەکاو ئەلێ:

ئازادی خواز! گری.. گری..
کەوتە ژیر پیی درنج، پەری
کۆریای ئازاد: سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ری)

*زۆر لە دەقە شیعرییەکانی گۆران بە هیمـای ئەفسانەیی جۆربـەجۆر و بە مەبەستی جیاواز بنیـاتی وینـەکانی ئـەنجامداوە، هـەروەك لـە دەقـەکانی (دیـاری خـوای شـەر، دوا سـرنج...، لــە بەندیخانــە، زیندانــی ئــەژدەهاك)دا ئاماژەی بەو هیما ئەفسانەییە کۆنانەکردوەو سیفاتی تازەی پیداون.

تەخت و تاراجی تیك درا
لە فەرمانی (ماك ئارسەر)!
ماك ئارسەری خوای سینگمان ری...
ئازاد خواز! گری... گری... ...[٨٨]

لەهەمان کاتدا "پیرەمیرد"یش لە دەقی شیعری "سۆزی پیرەمیرد"دا بنیاتی وینەکانی لە ریگەی هیمای ئەفسانەییەوە سازداوە، بەتایبەتی ئەو هیمایانەی کە لای زۆربەی میللەتانی رۆژهەلات ناسراو و باون، هەروەك ئەلێ:

مەجنون هیچ نەبی لەیل دلخوازی بوو
لەمندالیشدا لەیل هامرازی بوو
فەرهاد بە تەفرەی شیرینی بەدناو
هەر لە خۆیەوە پیی خۆی خستەداو[٨٩]

*لەگەڵ ئەوەشدا "پیرەمیرد" لە دەقی (ئیمە کە کوردین)دا ئەلێ:

ئیمە کە کوردین لامان وایە
زوبانی کوردی زۆر بێ هاوتایە
لاوکی کوردی دەنگی زەبوورە
جنة المأوی لە شارەزوورە

پێکهێنانی بنیاتی وێنەی تاك لە ڕێگەی هێمای ئەفسانەییەوە، شێرکۆ بێکەس، هەولی ئەوەیداوە، کە زۆربەی دەقە شیعرییەکانی لەم ڕێگەیەوە بەرەو پێشەوە بردوەو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ڕوانیویەتە جیهانبینی شیعرەکانی و لە دەقی شیعری، پیاو، دا ئەڵێ:

کێ بێ... کێ بێ؟
سواری ئەسپە شێکەی خۆی بێ
لە ئاوزەنگی تێ تەقێنێ
کێ بوێرێ؟
در بە تاریکی و بە ترسی
ئەژدەهاکی تازە بدات؟![٩٠]

یاخود لە دەقەکانی تری وەك (پەندی پێشینیان)، (مامە خەمە)، (کوردی ڕەوان) و زۆری تریش، ڕوویەکی تازەو لە ئاستێکی بەرزدا وێنەکانی بێ ئارایشت کردوون، هەر لە هەمان دەقدا، شێرکۆ دوو وێنەی ئەفسانەییمان ئەداتێ و هێمایەکن بۆ تاوان و خیانەت کردن لەناو میللەتدا و بنیاتی وێنەکانی ئاراستەکردووین و ئەڵێ.

مەرگەوەرێك، زیندوو بۆوەو
دەستی گوڵ کوژانی، گوشی
"مەلای خەتێ" یەك هاتەوەو
بە پێی پەتی و سەری قوتی
سەرکەوتەوە سەر منارە!!

★شاعیر لائەکاتەوە بەلای "برایمۆك"دا و وەك هیمایەکی ئەفسانەیی بەکاری دەهینێ و بنیاتی وینەیەکی لی ساز ئەداو برگەی دەقەکەش بە وینەی "عەشقەکەی برایمۆك" کە مەدلولی خۆشەویستی پیداوەو لە پیناو بە ئاکام گەیشتنی ئەرکی وینەکەدا، ئەلێ:

چ کریوەی حکایەتێ بەم ناوەختەو
لە ئاویلکەی ئەم رۆژەدا
وەك عەشقەکەی برایمۆك
پیدەشت پیدەشت و کۆبەکۆ
بە ریگەی مەرگی سپیدا
ئەمخاتە رێ بەرەو لای تۆ...